زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

08

# خوبەیب و سەعید

حبيب محمد سعيد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

بسم الله الرحمن الرحيم

## خوبەیب و سەعید

# خوبەیب

# و

# سەعید


**نـوسـیـنـی**
حبیب محمد سعید

**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

**نەخشەسازی ناوەوە**
زەردەشـت کاوانـی

**خـــەت**
نـەوزاد کۆیـی

**بـــەرگ**
تـرایـــزۆن

**قەبارەی کتێب**
١٤×٢١ - ( ٦٤ ) لاپەڕە

**نۆرە و ساڵی چاپ**
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦ ز

**تـــیراژ**
٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی ( ٢٠ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە



هەمـوو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing



**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر ٨

# خوبەیب و سەعید

نوسینی

حبیب محمد سعید

التفسیر

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## ئازیزەکانم، ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم!

چاك لام ڕوونە تەنها موسڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت، چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست و خەڵەتاوو مێشك بەنجکراو و بەکرێ گیراوەکانی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمەکوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە موسڵمانەکان بکرێت، چونکە خۆیان ئەزانن نیازی گڵاویان نایەتە دی...

## پێشکەش

پێشکەش بێت :

بە مامۆستایانی قوتابخانەی شەهیدیی.

کەوا لە بەرزترین شێوەدا بیروباوەڕەکەیان پێشکەش بە سەرلێ شێواوان ئەکەن.

بە قوتابیانی قوتابخانەی شەهیدیی..

کەوا بە بینینی دیمەنی وەفاداریی و بیروباوەڕ دۆستیی مامۆستایانی شەهیدیی، دڵیان شەیدای بیروباوەڕی، بێ گەردی، سەر و ماڵ پێشکەش کراو ئەبێت و ئەمانیش ئەبنە سەربازی دڵسۆز و کۆڵنەدەر بۆی، تا ئەگەر خوا دەستی دا بە پاکترین شێوە کاروباری ئادەمییەکان هەڵسوڕێنن!....

## پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين والصلاة و السلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين..

ئازیزەکانم: وا بە پشتیوانیی خوا ئەمجارەش لە دوو توێی ئەم نامیلکەیەدا بە یەك ئەگەینەوە. بەر لە هەموو شتێ، سەرم لە خۆم سوڕماوە، بۆچی زیاتر بە شوێن هاوەڵە شەهیدەکانا ئەگەڕێم تا ژیانیان پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست بکەم؟. بە دەستی خۆم نیە. هەروەکو بڵێی لە پاڵ سەروماڵ بەخت کردن و شەهیدییدا هیچ کارێکی تر بایەخی نیە..

بە دەستی خۆم نیە! هەروەکو بڵێی تاکە دەرمان بۆ تیماری دەردەکانی موسڵمانەکان بریتییە لە پێشکەشکردنی سەروماڵ !

هەر چۆن بێ بە باسی شەهیدی نەبێ دڵم ئاو ناخواتەوە. هیوادارم ئێوەش وابن خوای گەورەش بێبەشمان نەکا لێی.

نامیلکەی ئەمجارەمان بریتییە لە قوتابخانەی شەهیدیی کە لەسەر شانۆی ئەم ژیانەدا دەوری مامۆستای شەهیدیی و قوتابی شەهیدییمان پێشکەش ئەکرێت...

ماموٚستای شەهید، خوبەیبی کوڕی عەدییە و بێ ئەوەی بە خوٚی بزانێ، ئادەمییەکی سەرگەردان لە قوتابخانەکەی ئەمدا ناوی خوٚی توٚمار ئەکات و بڕوانامەی ڕێك و پێکیی و بێگەردیی ئەو بیروباوەڕە وەرئەگرێ کە ماموٚستای شەهید سەر و ماڵی ئەکاتە قوربانی..

ئەم قوتابیەش سەعیدی کوڕی عامیرە کە ئەمیش دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی، ئەبێتە ماموٚستایەکی کەم وێنە لە خوٚنەویستیی و وەفادارییدا، تاکو هەتا هەتایە ڕاستی ویستەکان چاویان لە هەنگاوە بەرز و پیروٚزەکانی بێت و شوێنی کەون.

لە خوا داواکارم لە هەموو کارێکمانا مەبەستمان تەنها ڕەزامەندیی ئەو بێ و ئەویش بەسە بوٚ کوٚمەکیی..

**نووسەر**

٧ی ئابی/ ١٩٨٠

٢٦ی ڕەمەزانی/ ١٤٠٠

# تـۆڵەســەندن

کۆمەڵی موسڵمانان، لەگەڵ پێشەوا و مامۆستای مرۆڤایەتییدا، دوای پانزە ساڵ لە هەوڵ و کۆششی بێ وچان و دان بە خۆداگرتن بەرامبەر ستەم و جەور و سزای نارەوای کۆمەڵی بت پەرست، لەلایەن خوای گەورەوە ماوەی درا تا تۆڵەی ساڵەهای ساڵی لە قورەیشی ستەمکار بکاتەوە، کەوا دوای سزا و ئازاردان و دەربەراندن و دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانیان، هێشتا ئەیویست ماوەیان نەدا لە مەدینەشدا ئارام بگرن و بحەوێنەوە...

کۆمەڵی موسڵمانان کاتی هاتبوو تا فیز و دەماری قورەیش بچەقێنێت بەناو قوڕا و بۆ خەڵکی بسەلمێنێ کەوا فشە و هاش و لووشەکەی نارەوایە و، بە نارەواش خۆی کردووە بە خاوەنی دینی خوا و مەبەستی دەست برینی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیەتی، نەك پاراستن و شوێنکەوتنی ڕێبازی پەروەردگار..

خوای گەورە ماوەی کۆمەڵی موسڵمانانی دا تا لە کوێ و هەر چۆن هەلیان دەست کەوێ پێش کۆمەڵی خوانەناس بدەن بە زەوییدا و سەری پان کەنەوە.

ماوەی دان تا لە بەدرا ئازایەتیی و چاونەترسیی سەربازی موسڵمان و بێ هێز و پێزیی سەربازی شەیتان بۆ مرۆڤەکان دەرکەوێ. تا بۆ خەڵکی بسەلمێ کاتێ سەربازی موسڵمان دان ئەگرێ بە خۆیا و شان شل ئەکا بۆ ئازار و ستەمی ناڕەوا، ئەوە گوێڕایەڵی فەرمانی خوایە و لە بەرژەوەندیی بانگی ئیسلامە، ئەگینا هیچ سەربازێکی موسڵمان ئیمانە پتەوەکەی نایەڵێ ترس و بیم لێی نزیك بێتەوە، بەڵام کە لە سەرەتای بانگەوازەوە، دان ئەگرێ بە خۆیا ئەوە چاوەڕوانی (بەدر) ە، تا بەرژەوەندیی بانگەواز ماوەی بدا مێشکی نەفامیی بپژێنێ و بیکاتە پەندی زەمانە..

بەڵێ، قوڕەیش لە بەدرا، درا بە زەوییدا و شکستی خوارد، وە لە ساڵی ئاییندەشدا خۆی گیڤ کردەوە و لە مەککە لێی دا بۆ مەدینە تا ڕەگ و ڕیشەی دەوڵەتی قورئان دەربێنێ، شار و دێهات و هۆزەکانی سەرە ڕێگا، سەریان لە زیل و بەم و کەش و فشی لەشکری دڵ ڕەش سوڕ مابوو، ئاگادارانی جەنگ بەوپەڕی مەبەستەوە حەزیان ئەکرد لە سەرەنجامی هەڵمەتی پڵنگ ڕەنگی موسڵمان و ڕێوی ئاسای قوڕەیش ئاگادار بن..

ئەوەبوو هەر ئەوەندەیان زانی باسی شکاندن و لێ کوژرانی موسڵمانەکان لە یەك ڕۆژا بڵاوبوویەوە، وە بۆ ڕۆژی دوەمیش قوڕەیش ماوەیەك بە فیز و دەمارەوە ڕێگای بڕی کەچی بە بیستنی دەنگ و باسی شوێنکەوتنی، لەلایەن موسڵمانەکانەوە ئەوەندەی بۆ کرا بە پەلە و دڵە تەپێوە خۆی بکاتەوە بە مەککەدا..

بەڵێ، کۆمەڵی شەیتان ناتوانێ بە پیاوانە تۆڵە بسەنێ، بۆیە ناچارە ڕێگەی منالانە بگرێتە بەر بۆ تولە کردنەوە. ئەمە یەك.

دووەم، کۆمەڵی شەیتان بێ مەرج و پەیمانە، شەرەف و ڕێز لێك ناداتەوە..

ویژدان و ئابڕوو ئەخاتە ئەولاوە. سۆزی ئادەمیانە لە دڵیا نامێنێ... یەکەم ڕەفتار قورەیش پێی هەڵسا و دووەمیش هوذەیل[1]...!!

(١) هوذەیل: ناوی هۆزێکە لە ناوچەی نێوان مەککە و مەدینەدا..

# ناپاکیی بێ باوەڕان و وەفـای شـەهیدان

لە مانگی صەفەری ساڵی چوارەمی کۆچییدا، دوا بە دوای شەهیدکردنی حەفتا موسڵمان[1] بە ناڕەوا لە ( بئر المعونة ) لە لایەن هۆزەکانی ( سولیم ) ەوە، نوێنەرێك لە نەوەی ( عَضَل ) و ( قارة ) هاتنە مەدینە و لە بەردەم پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم موسڵمان بوونی خۆیان دەربڕی و داوایان لێ کرد چەند هاوەڵێکی موسڵمانی شارەزای قورئان بنێرێت لە گەڵیانا بۆ وڵاتی خۆیان تا دانیشتوان لە ئیسلام شارەزا بکەن..

هەرچەندە، لە پێش ئەوە، موسڵمانەکان لە بیری مەعونە شەهیدیان دا، بەڵام ئەمە کۆڵی پێ نەدان تا لەمەدینە دەرنەچن بە نیازی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئیسلامی خۆشەویستدا.. چونکە مان و مردنی موسڵمان بۆ ئەم مەبەستەیە. وە ئەم جۆرە ڕەفتارەی کافری بێ ویژدان کار ناکاتە سەر ورەی موسڵمان و چاوترسێنی ناکات.

---

(١) لە هەندێ ڕیوایەتا چل موسڵمانن، وە تەنها یەکێکیان دەرباز بووە - کە عەمری کوڕی ئومەییەیە - و هەواڵەکەی هێناوەتەوە بۆ مەدینە.

یۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (١٠) هاوەڵی شارەزای لە گەڵیانا نارد کەوا ( مرثد کوڕی أبی مرثد ) ی کردە ئەمیریان[1].

کۆمەڵی موسڵمانی ئاشتیخوازی هەڵگری بیروباوەڕی بێگەرد، شاری پێغەمبەریان بە جێ هێشت و، بەرەو باشوور و ڕووەو مەککە، لە گەڵ کۆمەڵی گزیکاری دەم موسڵماندا، دەر و دەشتیان دایە بەر..

ماندوویی و چەرمەسەریی ڕێگای دوور و درێژ، لە پێناوی هیدایەت دانی ئادەمییەکانا، لە بەر چاویان سووك و ئاسان بوو..

ئەمان لەمە زیاتر چییان ئەوێت؟ تاکە ئاواتیان ئەوەیە ئادەمیزادەکان گوێ بگرن بۆ بانگە بەرز و پیرۆزەکەیان.

هەروا ڕێگایان بڕی تا گەیشتنە سەر ئاوی ڕوجەیع کە لە خاکی هۆزی هوذەیلدا بوو..

لەوێ موسڵمانەکان بۆ حەسانەوە لە سەر ئاوەکە لایان دا و زۆر لە خۆیان بێخەم بوون، هەر ئەوەندە بوو کۆمەڵە ساختەچیەکە یەك لە دوای یەك خۆیان لە موسڵمانەکان دزییەوە و بەرەو نەوەی (لیحیان) لە هۆزی هوذەیل ڕۆیشتن و هاواریان لێ کردن بێن بە دەمیانەوە تا نوێنەرە موسڵمانەکە، کە بە دەستی خۆیان سپێرابوو، لەناو بەرن.

هۆزی نەفام و هەرزە کە پەروەردەی نەفامیی دڵ و مێشکی بە خراپکاریی و دەست درێژیی و خوێن ڕێژیی پڕ کردبوو، ئەم هەنگاوە نامەردانەیان زۆر بە دڵ بوو..

---

(١) لە هەندێ ڕیوایەتا عاصیمی کوڕی پابیت ئەمیریان بووە و ژمارەشیان شەش کەس بووە.

نزیکەی سێ صەد کەسێ بە چەکەوە خێرا هاتنە سەر موسڵمانە غەریبەکان بە نیازی لە ناو بردنیانەوە، کاتێ کۆمەڵی ئاشتیخوازی ڕۆشنبیر هەستیان بەم پلانە گڵاوە کرد، ناچار دەستیان دایە شمشێرەکانیان تا بەرگری لەخۆیان و بیروباوەڕەکەیان بکەن. جا هەر چەندە دوژمنەکان زۆر بوو، بەڵام ئەمان سوور بوون لە سەر جەنگی سەر و ماڵیی تا دوا دڵۆپی خوێنیان. بۆیە کاتێ کافران - بە چاوی خۆیان - ئازایەتیی و نەترسانی کۆمەڵی قورئانیان دیی، داوای لە جەنگ وازهێنانیان کرد و بەڵێن و پەیمانی نەفامانەیان دانێ کەوا نەیان کوژن بە مەرجێ خۆیان بە دەستەوە بدەن..

بۆ ئەم بەڵێنە موسڵمانەکان دوو بڕیاریان دا، ئەوەبوو حەوتیان باوەڕیان بە پەیمانی کافر نەکرد، دوای ئەوەی فێڵ و ساختەیان بەرامبەریان دەرکەوت، بۆیە دەستیان دایە چەك و دایان نەنا تا هەر حەوتیان بە شەهیدیی سەریان نایەوە. بەڵام سیانەکەی تریان کە زەیدی کوڕی دەثینە[1] و خوبەیبی کوڕی عەدیی[2] و عەبدوڵڵای کوڕی طاریق بوون، کە دییان بەرگریی کردن سوودێکی نییە و دڵیان بە بەڵێنی پیاوانی هۆزەکە متمانەی ئەکرد، خۆیان دا بە دەستەوە و کافری بێ پەیمانیش خێرا قۆڵیان بەستن..

پاشان خێرا بەرەو مەککە خستنیانە ڕێ تا لەوێ بیان فرۆشن بە بت پەرستەکانی قوڕەیش.. بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی طاریق کە ئەم ناپاکییەی دیی پەشیمانی خۆ بە دەستەوە دانی بۆوە، بۆیە کە

---

(١) زەیدی کوڕی دەثینەی کوڕی موعاویەی بەیاچیی ئەنصارییە. ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە جەنگی بەدر و ئوحودا بەشداری کردووە دژی بێ باوەڕان.
(٢) خوبەیبی کوڕی عەدیی کوڕی مالیکی ئەنصارییە لە تیرەی ئەوس.

گەیشتە ( مر الظهران )[1] مەردانە دەستی داماڵی و شمشێرێکی فڕاند و دەستی کرد بە جەنگ، کەچی کۆمەڵی ترسنۆك تاقە پیاوێکیان نەیوێرا بچێتە مەیدانی پاڵەوانی غەریبەوە و شمشێر بازی بکەن، بەڵکو بە هەموویانەوە هەر لە دوورەوە دەستیان دایە بەردباران کردنی و ئەویش بە شەهیدیی کەوتە ڕێ..

هوذەیل، زەید و خوبەیبی بەرەو مەککە برد و لە بەر ئەوەی نێوان حکومەتی موسڵمانی مەدینە و کۆمەڵی قورەیشی بت پەرست ناکۆك بوو، سەردارانی قورەیش ئەم دیارییەیان زۆر پێ خۆش بوو. پاشان لە گەڵ هوذەیلیەکان هەوڵیان دا تا ڕێك کەون و لێیان بسێنن تا بە کوشتنیان زامی دڵیان سارێژ کەن..

لە ئەنجاما لە سەر ئەوە ڕێك کەوتن کەوا ئەو دوو پیاوە هوذەیلیە دیلەی دەستی قورەیش ئازاد بکرێن و هوذەیلیش دوو دیلە موسڵمانەکە بدەنە دەستی قورەیش تا تۆڵەی خۆیانیان لێ بکەنەوە..

ئەوەبوو صەفوانی کوڕی ئومەییە، زەیدی کڕی، تا لە تۆڵەی ئومەییەی کوڕی خەلەفی باوکیا بیکوژێتەوە کەوا موسڵمانەکان لە بەدرا کوشتبوویان. وە حوجەیری کوڕی ئەبی ئیهابیش خوبەیبی کڕی بۆ عوقبەی کوڕی حاریسی کوڕی عامیری خوشکەزای تا - لە تۆڵەی باوکی کوژراو یا لە بەدردا - بیکوژێتەوە..

بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم ڕووداوە لە مانگەکانی حەرامدا بوو، هەردوو دیلەکەیان خستە بەندخانەوە و لە سێدارە دانەکەیان دواخست تا ئەم مانگانە بەسەر چن، چونکە عەرەبەکان لەم مانگانەدا هەرگیز خوێنیان نەئەڕشت.

---

(١) ئێستاش گۆڕەکەی وا لەوێ..

ئەو ماوەیەی کە خوبەیب و زەید لە مەککە بە دیلیی مانەوە، ژیانێکی وەهایان ئەبردە سەر کە هەمووی هەر موعجیزە بوو، بەڵام چی ئەکەی لە کۆمەڵی بێ ئاگا و تێ نەگەیشتوو؟ کۆمەڵی مێشك بەستووی و دواکەوتووی دوورنەبین هەروا بیر ئەکاتەوە. ڕاستییش بە دوو چاو ببینێ بڕوای پێ ناکا، چونکە ئەندامەکانی لە کار کەوتوون!

زەید و خوبەیب - موسڵمان ئاسایی - بە شەو و بە ڕۆژ، بەوپەڕی شادمانییەوە خواپەرستیی و شەونوێژییان ئەکرد بڕیاریان دابوو کە هەر شتێ ناوی خوای لێ نەبرایە نەیان ئەخوارد — بۆیە ناچار بوون تەنها شیر و ماست بخۆن.

خوبەیب لە ماڵی ( ماویە ) ی کارەکەری حوجەیردا بەند کرابوو. جا لەم کاتەدا شتی زۆر سەیری بە خوبەیبەوە دیبوو، کە دوایی -کاتێ کە موسڵمان بوو- ئەیگێڕانەوە..

ماویە ئەڵێ:

(( خوبەیب لە لای من، لە ماڵەکەی منا، بەند کرابوو، ڕۆژێکیان چووم بە سەریا هێشووە ترێیەکی بە دەستەوە بوو لێی ئەخوارد، باوەڕ ناکەم لەو کاتەدا لە سەر زەویی خوادا ترێ بوو بێ ))!

کاتێ خوبەیب زانیی کاتی شەهید کردنی نزیك بۆتەوە داوای گوێزانێکی لە ( ماویە ) کرد تا خۆی پاك و ئامادە بکات بۆ شەهید کردن.

ماویە ئەڵێ:

(( موسەکەم دا بە منداڵێکی گەڕەکەکە و پێم وت: بیبە بۆ ئەو پیاوەی وا لە ژوورەوە. بەخوا هەر ئەوەندە منداڵەکە ڕۆیشت و بردی خێرا بە خومم وت: چیم کرد؟ بەخوا کابرا، بە کوشتنی منداڵەکە،

تۆڵەی خۆی کردەوە. ئەو کاتە ئەبێتە پیاوێك بە پیاوێك )).

خوبەیب مووسەکەی لە منداڵەکە وەرگرت و سۆزی بۆی جولا و وتی:

بە دینت دایکت لە ناپاکیی کردنی من نەترسا وا ئەم مووسەی بە تۆدا ناردووە؟ پاشان دەستی کرد بە لاواندنی و وازیی کردن لەگەڵیا. ئا لەم کاتەدا ئافرەتەکە هات و خوبەیب سەیری کرد و پێی وت:

وای لێك ئەدەیتەوە من بیکوژم ؟! دینەکەم دوورە پەرێزی کردووم لە ستەم و ناپاکیی !!!

خوبەیبی ستەم لێکراو ئاوا لە دینی ئیسلام گەیشتووە: لێرەشدا نابێت موسڵمان بە ستەم تۆڵە بکاتەوە! ئیسلامی بێگەرد پەروەردەی کردووە!!!

دیارە ئەم جۆرە ژیانەی خوبەیب و زەید کارێکی دەروونیی گەورەی کردۆتە سەر کافرانی دەور و بەریان ئەگەر چی بە خۆیشیان نەزانیبێ..

لەلایەکی ترەوە بت پەرستەکان لە ناو سنووری حەرەمی کەعبەدا هەرگیز خوێنیان نەئەڕشت، بۆیە دوای بەسەرچوونی مانگەکانی حەرام هەردوو هاوەڵە بەڕێزەکەیان لە شار برده دەرەوە بۆ ناوچەی (التنعیم )[1].

صەفوانی کوڕی ئومەییە، زەیدی دایە دەست خزمەتکارێکی کە ناوی نەسطاس بوو تا بیکوژێت.

ئەو ڕۆژەی کە زەید شەهید کرا لە ناوچەی تەنعیمدا پیاو ماقوڵانی قوڕەیش - کە ئافرەت و منداڵان و بەندەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو -

(١) تەنعیم: سێ میل لە مەککەوە دوورە لەسەر ڕێگای مەدینە..

ئامادەی جێ بە جێ کردنی ئەم کارە ناڕەوایە بوون کە یەکێ لەوانە - سەرداری ئەو ڕۆژەی قورەیش - ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب بوو.

ئەبوسوفیان بە زەیدی وت: سوێندت ئەدەم بە خوا ئەی زەید، ئایا پێت خۆشە موحەممەد لەم شوێنەی تۆ بێت، ئێمە بدەین لە گەردنی و تۆش لە ناو خاو خێزانی خۆتدا بیت؟

زەید وتی:

نا، بەخوا، پێم خۆش نییە لەو شوێنەدا کە ئێستا موحەممەد تیا دانیشتووە دڕکێکی پیا بچەقێ منیش لە ناو خاو خێزانما دانیشم!

وتە ڕێك و پێکەکەی زەید سەرەنجی ئەبوسوفیانی ڕاکێشا، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

کەسم نەدیوە وا یەکێکی تری خۆش بوێ وەك هاوەڵانی محمد، محمدیان خۆش ئەوێ.

بەڵێ، نەك هەر زەید، وە نەك هەر هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێغەمبەریان خۆش ویستبێت، بەڵکو هەمو موسڵمانێك لە هەموو چەرخ و شوێنێکدا پێویستە پێشەوای مرۆڤایەتیی لە قوڵایی دڵیا لەسەر و ماڵی خۆشتر بوێت. نابینی بە درێژایی مێژوو لە هەموو کون و قوژبنێکا چەند موسڵمانێك دڵ بەستراو بە خواوە خۆیان کردووە بە قوربانیی، بۆ بەرزکردنەوەی ڕێبازەکەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم؟!

کافران لە دامەزراویی ئەندامانی کۆمەڵی موسڵمان سەریان سوڕمابوو..

ئەمانە چین وا مەرگیش ناتوانێ لە بیرو باوەڕ پەشیمانیان بکاتەوە؟!

ئەبێ ئادەمیزاد دوای تیا چوونی و لەدەستدانی ئەم ژیانە بە تەمای چی بێت؟!

پرسیاری جۆرا و جۆر دێن بە بیری خوانەناساندا بێ ئەوەی وەڵامەکانیان بێت بە دڵا، بەڵام بەلای موسڵمانەوە زۆر سادە و ئاساییین. چونکە ئەوان ئەگەرچی خۆیان بە هەڵگری بیروباوەڕ ئەزانی، بەڵام تامی بیروباوەڕی ڕاستەقینەیان نەکردووە.

بیروباوەڕەکانی ئەوان بەستراوە بە هەڵپە و پەلە قاژەی ئەم جیهانە، کەچی بیروباوەڕی ئیسلام شوێنکەوتەکانی لەسەر ئەوە پەروەردە ئەکات کەوا بە هیچ شێوەیەك دڵیان وا بەستەی ئەم ژیانە نەبێت، وە هەتا ئەتوانن خۆیان وازی لێبێنن و پێشکەشی بکەن بە برا ئادەمیەکانیان.

خوانەناسان کە شوێن بیروباوەڕ کەوتوون و لەگەڵ هەموو زروفێکا ئەیگۆڕن، بۆ ئەوە کەوتوون ژیانیان پارێزراو بێت، کەچی موسڵمان بۆیە ژیانی خۆش ئەوێ لە پێناوی خوادا بە شەهیدیی سەر بنێتەوە!.

کافران کە زانیان زەید پەشیمان نابێتەوە و هەڕەشە کۆڵی پێ نادا، توند دەست و پێیان بەست و دەستیان کرد بە ئازاردانی. تیریان ئەگرتە ئەو شوێنانەی کە پێیان نامرێت، تا بەشکوم واز بێنێ و لە ئیسلام پەشیمان بێتەوە..

موسڵمان هیچ تاوانێکی نیە جگە لە موسڵمانێتیی، جا هەر کاتێ وازی لە ئیسلام هێنا ئەبێتە خۆشەویستی هەموو کافرێك..

خوانەناسان سەیر بیر ئەکەنەوە. نازانن موسڵمانی تێگەیشتوو، قورئان و فەرموودەکانی پێشەوا صلی الله علیە وسلم لەگەڵ خوێنیا تێکەڵ ئەبن و خۆی بە خاوەنی سەر و ماڵ نازانێ. زۆر سادەن. لە پێڕەکانی تر خەڵکیان بە ئازار ترساندووە پەشیمان کردۆتەوە، وا ئەزانن لە هەموو هەورێ باران ئەبارێ!

به ئازار و سزا، زەید تا ئەهات ئیمانی پتەوتر ئەبوو و باشتر پشتی بە خوا ئەبەست و چاکتر ئامادە ئەبوو تا گیانی لەدەست بدا لە پێناوی ڕێبازی پەروەردگاریا.

دوای کۆڵ دانی خوانەناسان، نەسطاس بە فەرمانی صەفوانی ئاغای لە زەید هاتە پێشەوە و شەهیدی کرد.

ئەوەی شایانی باسە نەسطاس لە جەنگی ئوحودا بەشداری کرد، جا لەکاتێکا کە موسڵمانێ خەریك بوو صەفوان بکوژێ، ئەم فریا کەوت و خەنجەرێکی دا لە موسڵمانەکە و صەفوانی ڕزگار کرد، لە دواییدا خوا هیدایەتی دا و موسڵمان بوو، وە وا دەرئەکەوێ لەساڵی ڕزگار کردنی شاری مەککەدا موسڵمان بووبێ.

بەڵام خوبەیب، کافران زیاتر بایەخیان پێ دا و حەزیان ئەکرد، بە دڵ خۆشیی دانەوە، لە ئیسلام پەشیمانی کەنەوە.

بەڵێ، خوبەیب کۆت و زنجیر کرا، و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی مەککە - بە پیاو و ئافرەت و مناڵ و گەنجەوە - شوێنی موسڵمانی دیل کراو کەوتن و بەرەو مەیدانی لە سێدارەدان پاڵیان پێوەنا تا تۆڵەی کوژراوەکانی جەنگی بەدری لێ بسێنن و داخی دڵیان بەو بڕێژن...

کاتێ کۆمەڵی خوانەناسی دڵ ڕەش بەندەی موسڵمانی گەیاندە شوێنی دیاریی کراو و بەرەو داری چوار مێخەکە نزیك خرایەوە، موسڵمانی غەریب، بەو پەڕی دامەزراوییەوە، لە کاتێکا قیژە و نەڕەی ئافرەتان و مناڵان بەرز بووبۆوە، لەسەرخۆ داوای لە قوڕەیش کرد:

ماوەم بدەن و وازم لێ بێنن، با بەر لە کوشتنم دوو ڕەکعەت نوێژ بەجێ بێنم بۆ خوا!

گەنجی دڵبەستراو بە خواوە، زانیی چەند ساتێکی زۆر کەم لە ژیانی ماوە و نەفامان وازی لێ ناهێنن، یا ئەبێ واز لە ئیسلامی بێگەرد بێنێ، وە یا ئەیکوژن!.

جا بۆ ئەوەی هێز و وزەی دڵ و دەروونی تازە بکاتەوە و کۆمەکیی لە پەروەردگاری بە دەسەڵات وەرگرێ، تا بتوانێ بەرهەڵستیی شاڵاوی نەفامی بکات و لەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بێت، وای بە چاك زانی پەیوەندیی بکات بە خوای گەورەوە، تا هێزێکی ئەوتۆی پێ ببەخشێ بۆ کافران لە خشتە نەبرێ و لە ئیسلام پەشیمان نەبێتەوە!.

موسڵمانی پاڵەوان، بە دڵ و دەروونێکی دامەزراو و بە باڵایەکی ڕێك و پێك و بە سەرێکی بەرز و ڕوومەتێکی گەشاوەوە ڕووی کردە کەعبەی پیرۆز. ڕووی کردە ماڵی ئەو خوایەی کە ئامادەیە گیانی بکاتە قوربانی ڕێبازە شیرینەکەی..

دوو ڕکعەت نوێژی ڕێك و پێکی لە بەردەم کۆمەڵی کافری دڵڕەشدا بۆ خوای گەورە بە جێ هێنا..

چەند هەڵوێستێکی دڵتەزێنە و، چەند هەڵوێستێکی پڕ لە شانازییشە! لە پەنای کەعبەی پیرۆزدا. لەبەر خوا، بەندەی موسڵمان وا ئامادەیە گیانی لە دەست ئەدا..

کافرانیش دەوریان داوە، تا هەموویان بەشداریی ئەو تاوانە گەورەیە بکەن و خوێنی موسڵمانی بێکەس و غەریب بڕێژن..

موسڵمانی پاڵەوان لە خوا ناپاڕێتەوە تا لە مەرگ ڕزگاری کات، چ جای وەك هەندێ کە تامی خواناسییان نەچەشتووە، گلەیی و ناشوکری بکات! جا بۆ چ ڕزگارییەك؟ هەڵوێست هەیە لەوە بەرێزتربێت؟ پلە هەیە لەوە بەرزتر بێت؟!

ئاخۆ موسڵمان لەم ژیانەدا ئاواتێکی تری هەبێ لە شەهید بوون لە پێشتر بێت؟!

دوای کڕنووش بردن بۆ خوای گەورە و دەربڕینی بەندایەتیی و ڕەزامەندی تەواو بە شەهیدبوون، وە دوای ئەوەی بە کۆمەڵی بێ ویژدانی سەلماند کە - ئا لەم کاتە ناسکەدا - مێشێ میوانی نییە و ئەو پەیمانەی کە داوێتیی بە پێغەمبەری پێشەوای صلى الله عليه وسلم هەتا گیانی ماوە ئەیپارێزێ، دوای ئەمە، گەڕایەوە لای سەر زلەکانی قوڕەیش ئەیفەرموو:

بە خوا، لەبەر ئەوە نەبوایە کە ئەترسم ئێوە وا تێبگەن لە ترسی مەرگ درێژە ئەدەم بە نوێژەکەم، نوێژی زۆرم ئەکرد!

واتە: هێشتا لەگەڵ خوای گەورەدا تێر گفت و گۆ نەبووم. حەزم ئەکرد زیاتر لە خزمەتیا بمێنمەوە و زیاتر بەندایەتیی و شادمانیی خۆمی بۆ دەرخەم!!

ابن اسحاق ئەفەرموێ:

خوبەیبی کوڕی عەدیی یەکەم کەس بوو کە ئەم دوو ڕکعەتە نوێژەی لە پێش شەهیدکردندا داهێنا[1]..

پاشان خوبەیب ئەم هەڵبەستەی وت، کە تیایا دەری ئەخات بە هیچ شێوەیەك باکی لە شەهید بوون نییە و بە شادمانییەوە ئەچێت بە پیری مەرگەوە:

ولستُ أُبالي حِينَ أُقتَلُ مُسلِماً

عَلى أيِ شِقِ كانَ في اللهِ مَصرَعِي

---

(١) لە ریوایەتێکا زەیدیش ئەم دوو رەکعەتەی بەجێ هێناوە..

وَذلك في ذات الإلهِ وَإن يَشأ

يُبارك على أوصالِ شلوٍ مُمَزَّعِ

تا له دوايين دێڕیا دەری ئەخات بە هیچ شێوەیەك مل بۆ دوژمن کەچ ناکا. وە هیچ کات پێی ناخۆش نییە، لە پێناوی خوادا، کافران شەهیدی کەن چونکە گەڕانەوەی ئادەمیزاد هەر بۆ لای خوایە کە ئەڵێت:

وَلَستُ بِمُبدٍ لِلعَدُوِ تَخَشُعاً

وَلا جَزَعاً، إني إلى الله مَرجِعي

پاشان پێڕی خوانەناس دەستیان دایە بڕینی گۆشتی ئەندامانی لاشەی هەر بە زیندوویی بۆ ئەوەی وازبێنێ و لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە.

پێ یان وت:

لە ئیسلام پەشیمان بەرەوە وازت لێ دێنین وتی:

نا، بە خوا حەز ناکەم لە ئیسلام پەشیمان ببمەوە، ئەگەر هەرچی وا لە زەوییا پێم بدرێت.

وتیان: پەشیمان بەرەوە ئەی خوبەیب، وتی: هەرگیز پەشیمان نابمەوە.

وتیان: دەی بە لات و عوززا ئەگەر پەشیمان نەبیتەوە ئەتکوژین.

وتی: کوشتنم لە پێناوی خوادا زۆر کەمە!

جا کە هەموو جارێ پلە گۆشتێکیان لە لاشەی ئەبڕی لێیان ئەپرسیی:

ئایا پێت خۆشە موحەممەد لەم شوێنەتا بوایە و تۆش ڕزگارت بوایە[1]؟

ئەویش - کە خوێن لە شوێنی بڕینی پلە گۆشتەکانی لاشەی سەری کرد بوو - ئەیوت:

نا، بە خوا، پێم خۆش نییە من ئێستە لە ناو ماڵ و منالی خۆما بم و موحەممەدیش دڕکێکی پیا بچێ...

هەرچەندە ئەم وەڵامەی ئەدانەوە، کافران ئەوەندەی تر شێتگیر ئەبوون و چاویان ئەپەڕییە تەوقی سەریان و بە جارێکا دەستیان بۆ ئاسمان بەرز ئەکردەوە و هاواریان ئەکرد:

بیکوژن.. بیکوژن...

مێشکی نەفامییە! چی لێ ئەکەی؟! هەر کەسێ خوای نەناسی بە کوشتن و بڕینی بێ تاوانان نەبێ، دڵی ئاو ناخواتەوە...

پاشان کافران ڕوویان لە کەعبە وەرگێڕاو ئەویش وەڵامی دانەوە:

کە ئێوە ڕووم لە قیبلە وەرئەگێڕن،خوای گەورە بڕیاری داوە موسڵمان بۆ هەر کوێ ڕوو بکا، ئەگەر نیازی خوابێت، ئەوە ڕووی لە خوا کردووە کە ئەفەرموێ:

﴿ ...فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ ... ﴾ [2]

پاشان وتی:

خوایە، جگە لە دوژمنان هیچ کەس نابینم، خوایە هیچ کەس لێرەدا نییە تا سەلامم بگەیەنێ بە پێغەمبەرەکەت، خوایە خۆت سەلامی پێ بگەیەنە...

---

(١) هەمان پرسیار لە زەیدیش کراوە، وەك لە پێشەوە باس کرا..

(٢) سوورەتی ( البقرة ) ئایەتی (١١٥).

بەڕاستی چاك لە ئیسلام گەیشتوویت، خوبەیبی خۆشەویست. سەلامەکەت کە ناردت بۆ پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم لە جێگەی خۆیدا بوو. چاك کافرە دڵڕەشەکانت تێ گەیاند کە تۆ شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی ئەوی و هەموو ڕێبازە شەیتانییەکان بە هەموویانەوە، بە درێژایی مێژوو شوێنکەوتوویەکی چاوکراوەی خۆنەویستی وەك تۆیان نەبووە و نابێت. با کافران بزانن قەڵاکەیان قەڵای ساختە و ڕووکەش و گزیکاریی و بەرژەوەندی بازییە..

هەروەها موسڵمانەکانیشت چاك تێ گەیاند کەوا ئەوەی بە تەمای بەهەشتە با چاوی لە تۆ و کردار و گوفتارە شیرینەکانت بێت، ئەگینا بەهەشت هەوانتە نییە!

بەڵێ، خوشك و برا موسڵمانە ئازیزەکانم، ئەها خوبەیب خاوەنی چ دەروونێکی پیاوانەی بێ باکە؟.

بە یەك دوو وشەی سەرزار ڕزگاری ئەبێ لە مەرگ..

نەء، ئەمە هەڵوێستی بیانوو گرانە. لە جیاتی وشەی نەشیاوی ڕزگارکەر، بە خوای گەورەدا سەلامی خۆی بۆ پێغەمبەری پێشەوا ئەنێرێ!!

نەفامان با تووشی سك یەشە ببن لە بەردەم موسڵمانی پاڵەواندا، چونکە ئەم هەڵوێست و ئەم کۆڵنەدانە شاخی دامەزراویش بەرگەی ناگرێت، ئەمە لە کاتێکا کەوا بەسەر داری چوار مێخەکەوە بوو..

پاشان قورەیشیەکان بانگیان کردە چل گەنجی باوك کوژراو لە بەدرا و نێزەیان دا بە دەستیانەوە و پێیان وتن: ئەمە باوکی ئێوەی کوشتووە لە بەدرا..

خوبەیب وتی:

خوایە، ئێمە فەرمانی پێغەمبەرەکەتمان بەجێ هێناوە تۆیش ئەمڕۆ هەواڵمان بگەیەنە پێی کە چیمان پێ ئەکرێت.

پاشان ئەم نزایەی لای خوا کرد بۆ فەوتانی قوڕەیش:

(( اللهم أحصهم عدداً، واقتلهم بَدَداً، ولا تُغادر منهم أحداً )).

کە ئەم نزایەی کرد قوڕەیشییەکان خەم دایگرتنەوە. ئەوەبوو ئەبوسوفیان خێرا موعاویەی کوڕی پاڵخست لە ترسی نزاکەی خوبەیب، چونکە بڕوایان وابوو، هەر کەسێ نزای لێ بکرێ، ئەگەر پاڵ کەوێ کاری لێ ناکا. هەروەها حەکیمی کوڕی حەزام ڕای کرد و لەگەڵ جوبەیری کوڕی (مگعم) خۆی شاردەوە. پاشان چل گەنجەکە بۆ تۆڵە سەندنی خۆیان بە نێزە دایان گرتەوە.

هەر چۆنێ بوو ڕووی خۆی وەرگێڕایەوە بۆ کەعبە و وتی:

(( سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕووی کردمەوە ئەو قیبلەیەی کە بۆ خۆی و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانەکانی بڕیار داوە ))..

کافران دیسان بۆ ماوەی سەعاتێك بە نێزە دایان گرتەوە و ئەویش بەسەر داری چوار مێخەکەوە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

(( لا اله الا الله.. محمد رسول الله ))!!!

خۆشەویست و بەڕێزم خوبەیب، مامۆستای بێ باکم خوبەیب..

ئەزانیت لە سەرەمەرگا گەورەترین وشە شەهادەتە بۆیە وا بە دەنگی بەرز ئەیدەی بە گوێی نەفامەکانا. با هەر بچێژن داخی سەخت ئەوان کە ڕقیان لە تۆی بەڕێز هەڵگرتووە، لە سەر ئەم وشە شیرینەیە. جا ئەوەندە نەفامن وا ئەزانن ئەگەر تۆ شەهید بکەن ئیتر هەڵگری

نابێت و دەکوژێتەوە، وا ئەزانن بە شەهیدکردنی تۆ دەنگی ڕاستی کپ ئەکەنەوە، نازانن بە درێژایی مێژوو هەزارەهای سەرگەردان لە چیرۆکی شەهیدکردنتا، لە گەورەیی دەروونی موسڵمان و بێ باکیی و فیداکاری ڕاستەقینە تێ ئەگەن.

نازانن هەتا هەتایە تۆ زیندوویت و بە لای پەروەردگارتەوە ڕۆزیی وەرئەگریت و پەرەوەردەی نەوەکان ئەکەیت لە سەر خۆنەویستن و قوربانیی دان..

بەم شێوەیە خوبەیب گیانی لە دەست دا و بە خزمەتی خوای گەورە شاد بوو، وە لاشەی ئەوەندە شیر و نێزەی پێوەبوو زامەکان لە ژمارە نەئەهاتن.

خۆزگەم پێت بێ بۆ ئەو دڵ و مێشك و بیر و هەستەت ئەی خوبەیب..

خۆزگەم پێت بۆ ئەو باوەڕە قووڵ و پتەوەت ئەی شەهیدی ڕێگای ئیسلام...

خۆزگەم پێت بێ بۆ ئەو شوێن و مەنزڵەی کە خوا بۆی بڕیار دوای، ئەی پاڵەوانی کۆڵنەدەر..

خۆزگەم پێت بێ بۆ ئەو خواناسییتە ئەی غەریبی بە ناڕەوا خوێن ڕژاو، کەوا بوویتە نموونەیەك لە کۆڵنەدان و خۆنەویستییدا تا ڕۆڵەکانی ئیسلام، تا کۆتایی دێت بە جیهان تا چاوت لێ بکەن و فێری فیداکاریی و چاونەترسیی ببن ئەی شێری بێ ترس و بیم..

خۆزگەم پێت بێ کەوا ئەوەندە پێغەمبەرەکەتت خۆش ئەویست، وا لە بەردەم هەزاران دوژمنی خوێنەخۆردا بە ئاشکرا خۆشەویستیی ئەوت دەرئەبڕی ئەی سەربازی مەرد و بە وەفا..

به شەهید کرنی تۆ دینی ئیسلام کەم ناکات، بەڵکو زیاد ئەکات و زۆریش زیاد ئەکات، چونکە تۆ بە شەهید کردنت شایەتیت دا کە دینەکەتت لە لا بەنرخترە لە خوێنە گەشەکەت و، دینی ئیسلامیش دینێکە هەرکەس لێی تێگەیشت لە گەڵ مۆخ و ئێسقانیا تێکەڵ ئەبێت و تازە لێی جیا نابێتەوە..

هەروەها بە شەهید بوونت تۆ هیچ زیانێکت نەکردووە بەڵکو ئەوپەڕی قازانجت کردووە چونکە تۆ هەر زیندوویت و نەمریت، تەنها ئەوەیە لە ژیانی پڕ تەنگ و چەڵەمە و سەختی ئەم جیهانە ڕزگارت بووە و چویت بۆ لای پەروەردگارەکەت، تا لەوێ ژیانی ڕاستەقینەی کۆتایی نەهاتووت پێ ببەخشێ..

لێرەدا، بە بۆنەی شەهیدکردنی خوبەیبەوە، پێویستە ڕوو بکەینە بیانوو گران و گیان خۆشەویستان تا پێیان بڵێین:

شوێنکەوتنی ئیسلام بریتییە لە خۆداماڵین لە هەموو بەزم و باوێکی نەفامی و بە هیچ شێوەیەك ملکەچیی بۆ نەکرێت، چ لە شتی گەورەدا چ لە شتی بچووکدا..

پێویستە بە هیچ شێوەیەك گوێڕایەڵی نەکرێ بۆ یاسای نەفامیی..

ئەوەتا خوبەیب نموونەیەکی دیار و ئاشکرایە لە بەردەممانا زۆر بە ئاسانیی، بە چەند وشەیەك، ئەیتوانی خۆی لە کوشتن ڕزگار بکا. بە تایبەتی لە کاتێکا کە ئیسلام ویستەکان لە دەیان و سەدان زیاتر نەبوون و تاقە پیاوێ بۆ ئیسلام لەو ڕۆژەدا زۆر زۆر بوو.

ئەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت هیچ زانیارییەك و هیچ هەوڵ و کۆششێك ناگاتە فیداکاریی و چاونەترسیی و خوێن ڕژانی موسڵمان بۆ بڵاوکردنەوەی دینی خوا. چونکە کاتێ بێ باوەڕان دامەزراویی

و کۆڵنەدانی موسڵمانانیان بە چاوی خۆیان دیی، بۆیان دەرئەکەوێ کە ئەم ڕەوشتە بێ وێنەیە بەرهەمی ڕێبازی شیرینی خوایە، بۆیە پۆل پۆل ئادەمییەکان دێن بە دەم بانگی ڕزگارییەوە و ئەوانیش ئەبنە سەربازی فیداکار بۆی[1].

کاتێ ئەم دەنگ و باسە گەیشتەوە مەدینە جوولەکە و مونافیقە ناپاکەکان، پێخۆشحاڵبوونی خۆیانیان دەربڕی، و دەستیان ئەکرد بە گاڵتە و تەشەریان ئەدا لە شەهیدەکان و دەستیان ئەهێنا بە سەر دڵیانا و ئەیان وت: ئەو هەژارانە چۆن تیا چوون، نە ئەوەتا لە ناو ماڵ و منالی خۆیانا بە بێوەی دانیشتن، نەئتوانیان کاری سەرشانیان ئەنجام بدەن..

ئەمەیان بڵاو ئەکردەوە تا خەڵکیی دڵسارد کەنەوە و بە گەرمیی دەست بە ئیسلامەوە نەگرن..

بەڵام ئەمە و هەزارەها وتەی وەك ئەمە، ئەبێ چ کارێك بکاتە سەر دڵ و دەروونی ئەو موسڵمانە دڵسۆزانەی کە لە یەکەم ڕۆژی ئیمان هێنانیانەوە سەر و ماڵیان فرۆشتووە بە خوا، بە بەهەشت؟

موسڵمان کە سەیر ئەکا ژیانی ئەم جیهانە هەر چۆن بێ هەر ئەبڕێتەوە و کەسیش تێری لێ ناخوا..

---

(١) ئەبێ موسڵمان هەموو دەمێ ئاگاداری نەخشەی گڵاوی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان بێت، تا بزانێ و بتوانێ پەرچی بیر و هێرشیان بداتەوە و وڵاتی ئیسلام لە مەترسییان بپارێزێ، بۆ ئەمەش پێویستە چاو لە شەهیدانی مێژووی دوور و درێژمان بکات، تا بەخت کردنی سەر و ماڵ بە لایەوە شتێکی ئاسان و ئاسایی بێت..

وە کە سەیر ئەکا کۆمەڵی شەیتان هیچ ئەندامێکی تامی سەربەستیی ناکات و لە پێناوی بیر و باوەڕی پڕ و پووچ و بێ ئەنجامدا هەموو ڕۆژێ چەندەها کەسیان تیا ئەچێ. موسڵمان کە سەیری ئەمە ئەکا چۆن شانازیی پێوە ناکات ئەو سەربازێکی کۆڵنەدەری خوا بێت؟! چۆن شانازیی پێوە ناکات لەو ڕێگا پیرۆزەدا بە شەهیدیی سەر بنێتەوە؟! گوایا نەفامان حەیف نین بە بێ کەڵك تیا بچن و موسڵمان حەیفە لە پێناوی خوادا شەهید ببێ؟!

# سەرکەوتنی باوەڕ

ئەی پێغەمبەری خۆشەویستم، هەزاران درووود و سەلام لە گیانی پاکت. ئەی خۆشەویستی خوای گەورە، وا خوبەیب و هاوەڵەکانی خۆیان کردە قوربانیی. بە کافرانیان سەلماند ئەمان بە سەر و ماڵەوە شوێنی دینەکەت کەوتوون. بە مرۆڤایەتییان سەلماند شوێن کەوتنی ئیسلام بەلای موسڵمانی ڕاستەقینەوە، بریتییە لە فیداکاریی و قوربانییدان..

ئەی خۆشەویستی موسڵمانان، ئەی تۆی بەڕێز بڕیارت چییە بەرامبەر ستەمی ستەمکاران و پەیمان شکێنان؟!

پێشەوای وەك تۆی بەڕێز، موسڵمانەکان - بەڵکو مرۆڤایەتی بە تێکڕا - چاوەڕێی بڕیاری ڕێك و پێکتە.

ئەبێ چۆن تۆڵەی سەربازی کۆڵنەدەرت بسێنیت؟!

بە چاوی خۆمان وەفای قوتابیی و سەربازمان دیی ئەبێ وەفای مامۆستا و پێشەوا چۆن بێت؟!

هەرگیز بە بیری هیچ مرۆڤێکا نایەت پێشەوا دەست بەرداری دوژمن بێت و تۆڵەی شوێنکەوتووە وەفادارەکانی نەسێنێت، بەڵام

خۆ تۆ پێشەوای پێشەوایانی ئەی پێغەمبەری خوا. خۆ تۆی بەڕێز گەورەترین پێشەوای مرۆڤایەتییت و غیرەت و پیاوەتییت وێنەی نییە، ئەی ڕابەری مرۆڤایەتیی..

بەڵێ، خوبەیب لە پەروەردگاری داوا کرد کە هەواڵیان بگەیەنێ بە پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم. خوای گەورەش چاوی لە بەندەی ملکەچ بوو چۆن بۆ ڕەزامەندیی ئەو و دەست کەوتنی شەهیدیی و بە بەهەشت شاد بوون، لە بەردەوام کافران دامەزراوە، پاڕانەوەکەی لێ وەرگرت و وەحی نارده خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەچی لە خوبەیب ڕووی داوە.

ئوسامە خوا لێی ڕازیی بێت ئەگێڕێتەوە کەوا لەو ڕۆژەدا کە قوڕەیش خوبەیبیان دابوو لە سێدارە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەنێو هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو، ئەو شێوەیەی بە سەرهات کە لە کاتی وەحیدا بە سەریا ئەهات، پاشان گوێمان لێی بوو ئەیفەرموو: ( وعلیه السلام ورحمه الله وبرکاته ) جا فەرمووی: ئەمە جیبریله سەلامی خوبەیبی بۆ هێناوم، کەوا قوڕەیش کوشتوویانە..

لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (عەمری کوڕی ئومەییەی)[1] لەگەڵ

(١) عەمری کوڕی ئومەییە: یەکێکە لە هاوەڵە ئازا و بەجەرگەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەوا بەشداریی جەنگی بەدر و ئوحودی کردووە لەگەڵ قوڕەیشدادژی موسڵمانەکان. پاشان دوای ئەوە موسڵمان بووە. لە سەردەمی نەفامییدا هەموو کارێکی شیاو و نەشیاوی لێ هاتووە، لەم حەفتا هاوەڵەیە کە بە دەستی هۆزەکانی سولەیم لە بیری مەعونە شەهید کران، تەنها ئەم ڕزگاری بوو و گەڕایەوە مەدینە، لە سەردەمی موعاویەدا لە دەوروبەری ساڵی پەنجا و پێنجی کۆچیدا لە مەدینەدا کۆچی دوایی کردووە، خوا لێی ڕازیی بێت.

سەلەمەی کوڕی ئەسلەمدا[1] نارد بۆ مەککە تا ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب بکوژن لە تۆڵەی ئەوەدا کە پیاوێکی خوانەناسی ناردبووە مەدینە تا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بکوژێت، بەڵام خوا ویستی وابوو پێغەمبەرەکەی ئاگادار بکا، پاشان کابراش ڕاستی نیازەکەی و ئەوەی کە ناردبووی ڕاستەوخۆ دەربڕیی[2].

عەمر و هاوەڵەکەی گەیشتنە مەککە و تەوافی کەعبەیان کرد، بەڵام لەبەر ئاشکرا بوونیان نەیانتوانی بە کارەکەیان هەڵسن، بۆیە لە مەککە هەڵاتن بە مەینەتێکی زۆر لە دەستی قوڕەیش ڕزگاریان بوو تا گەیشتنە تەنعیم، ئەو ناوچەیەی کە خوبەیبی تیا شەهید کرابوو، سەیر ئەکەن وا بەسەر داری چوار مێخەکەوە و پاسەوانی قوڕەیش بە دەوریدان، هاوەڵەی پێی ئەڵێ:

حەز ئەکەی خوبەیب لە داری چوار مێخەکە داگرینە خوارەوە؟

ئەڵێ: کوا؟

ئەڵێ: ئا ئەوەتا بەسەر داری چوار مێخەکەوە و پاسەوانی لە دەورایە.

ئەمیش ئەڵێ:

بەڵێ ماوەم بدە و لێم جیا بەرەوە، جا ئەگەر مەترسیت بوو خۆت بگەیەنە لای وشترەکەت، و بگەڕێوە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و هەواڵەکەی بدەرێ و، واز لە من بێنە، خۆم چاک شارەزای ڕێگای مەدینەم. عەمر دەنگ ناکا تا پاسەوانەکان ئەخەون، پاشان

---

(١) بەڵام ئیبن هشام ئەفەرموێ: جەبباری کوڕی صەخری ئەنصارییە.

(٢) هیدایەت بە دەستی خوایە، هەتا پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم نازانێ سەرەنجام کێ موسڵمان ئەبێ و کێیش نابێ!

لە دارەکە نزیك ئەبێتەوە و سەرئەکەوێ و بەدزییەوە خوبەیب دائەگرێت و ئەیگرێت بە کۆڵەوە تا کەمتر لە چل - یان بیست - هەنگاو ئەڕوا و پاسەوانەکان بە خەبەر ئەبنەوە و پێی ئەزانن ناچار لاشەکە بە پەلە دائەنێ و هەر چۆن بووە ئەیکا بە ژێرگڵەوە و لەبەر چاویانی گوم ئەکات و ڕێگای صەفراء - بەرەو مەدینە - ئەگرێتە بەر و کافرەکانیش دوای ماندوو بوونێکی بێهوودە ئەگەڕێنەوە دوا..

پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم زۆر بە داخەوە بوو بۆ ئەو ناپیاوییەی کە (بەنی لیحیان) دەرهەق بە موسڵمانەکان پێی هەڵسان، بەشەهیدکردنی ئەو (دە) موسڵمانەی کە بە سپاردە و متمانە درابوونە دەست نوێنەرەکەی (عضل) و (قارة). بۆیە زۆر بە ئاواتەوە بوو ماوەی ببێ بۆ تۆڵەسەندن لێیان...

بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو هەر لەو ساڵەدا لەشکری ئەحزاب بە دەست کیسەی جولەکە هێرشی هێنایە سەر پایتەختی ئیسلام و موسڵمانەکان پێوەی پەشۆکان.

بەڵام هەر بە کشانەوەی لەشکری ئەحزاب و سەر شۆڕ بوونی جولەکەی ئاگر هەڵگیرسێن و تیاچوونیان، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دوای دوو مانگ بە خۆی و دوو صەد موسڵمانەوە کە بیست کەسیان ئەسپ سوار بوون، بەرەو ناوچەی بەنی لیحیان کەوتە ڕێ و عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتوومی کردە ئەمیری مەدینە..

موسڵمانەکان پێویست بوو (٢٠٠) دوو صەد میل ڕێگا ببڕن، بەڵام ئەم هەموو ماندووبونە بەلای پێغەمبەری خواوە هیچ نەبوو، بە مەرجێ تۆڵەی هاوەڵە شەهیدەکانی بکاتەوە و زیاتر هێز و دەسەڵاتی موسڵمانەکان بۆ هۆزەکان دەربخات!.

پاشان بۆ سەر شێواندن لە دوژمن، پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم بەرەو باکوور کەوتە ڕێ، لە کاتێکا کە هۆزی تاوانبار لە باشووردا بوون. وە بە هاوەڵەکانی گەیاند کەوا نیازی وایە هێرش بکاتە سەر شام، تا هەواڵ نەگا بە دوژمن. بۆیە ماوەی بیست میلێك بەرەو باکوور ڕۆیشت ئەوسا بەرەو باشوور بوویەوە..

موسڵمانەکان زۆر هەوڵیان دا دوژمن نەزانێت تا بدەن بەسەری دا، بۆیە هەوڵیان ئەدا لە ڕێگایەکەوە نەڕۆن کە هات و چۆی لێوە بکرێت، تا بتوانن تۆڵەی شەهیدە ستەم لێکراوەکان بکەنەوە..

بەڵام هوذەیلی ستەمکار، ئەیزانی پێشەوای ئیسلام دەست بەرداری خوێنی بە نارەوا ڕژراوی هاوەڵەکانی نابێت، بۆیە جاسووسی لەسەرە ڕێگاکاندا دانابوو تا هەواڵی هێرشی موسڵمانەکانی پێ بگەیەنن..

ئەوە بوو کە لەشکری ئیسلام لە ناوچەکەیان نزیك کەوتەوە، هەواڵیان زانی، ئەوانیش خێرا پەنایان بردە بەر شاخە سەختەکانی نزیکیان تا خۆیان لە چنگی موسڵمانەکان دەرباز کەن..

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دوو ڕۆژ لەو ناوەدا مایەوە بێ ئەوەی کەسی لێیان دەست کەوێ..

ئەم هێرشە و ئەم مانەوەیە هێز و پێزی بەخشی بە لەشکری خواناس و ئابڕوی کافرانی برد و بە هۆزەکانی سەلماند کەوا هێزی ئیسلامیی سەربەستە بۆ هێرش بردنە سەر هەر ناوچەیەك کە دانیشتوانی نیازیان خراپ بێت بەرامبەر بە دەوڵەتی قورئان.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم بە ڕاوانانی هوذەیلەوە نەوەستا، بەڵکو وای بە چاك زانی ترس و لەرز بخاتە دڵی قورەیشی بت پەرستەوە..

ئەو قورەیشەی کە چەند مانگێك لەوەو پێش بە چوار هەزار سەربازەوە لەگەڵ هۆزەکانی تردا لەشکرە (دە) هەزاریەکەی ئەحزابیان پێکهێنا و بە نیازی کوژاندنەوەی چرای ئیسلام بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ..

بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم بە خۆی و لەشکرەکەیەوە بەرەو مەککە کەوتە ڕێ تا گەیشتە شیوی (عوسفان) جا لەوێ ئەبوبەکری صددیقی بانگ کرد و (دە) سوار چاکی موسڵمانی لەگەڵا نارد و فەرمانی پیادادا تا بەرەو مەککە بکەونە ڕێ بۆ ئەوەی ترس و لەرز بخەنە دڵی دانیشتوانیەوە. ئەبوبەکریش خوا لێی ڕازی بێت لەگەڵ برا موسڵمانەکانیا کەوتە ڕێ تا گەیشتە (کُراع النعیم) کە شوێنێکی زۆر نزیکە لە مەککەوە..

کاتێ قورەیش ئەمەیان بیست ترس و لەرزیان لێ نیشت، چونکە وایان ئەزانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نیازی وایە هێرشیان بکاتە سەر..

قورەیشی هاش و لوشکەر، بە وێنەی هەموو هێزێکی خوانەناس نەیان وێرا هەڵمەت بێننە سەر دەستەکەی ئەبوبەکر. ئەمیش دوای بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانی گەڕایەوە خزمەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تا بگەڕێنەوە بۆ پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام..

کاتێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گەیشتە دۆڵی (غوران) ئەو شوێنەی کە موسڵمانە بێ تاوانەکانی بە دەستی هوذەیل تیا شەهید کرابوو، داوای خۆشبەختیی و لێخۆشبونی بۆ کردن.

لەم هێرشەدا کافرە دەست درێژیی کەرەکان نەکەوتنە بەر هەڵمەتی لەشکری ئیسلام، بەڵام لەشکری ئیسلام پێی سەلماندن کە ئەو دەست

بڕە بێ پەیمانانە هەتا خاوەنی ناوچە و خاك و ئاوی خۆیان نین و هەر کاتێ لەشکری ئیسلام بیەوێ بە ئاسانیی دەریان ئەپەڕێنێ و ڕاویان ئەنێ..

پاشان بە قوڕەیشی بت پەرستی سەلماند کە پاڵەوانە چاو نەترسەکانی ئیسلام ئەتوانن بگەنە هەر شوێنێك کە بیانەوێ، وە تا بزانن کە ئەوان لە جەنگی خەندەقدا بەسەر شۆڕیی لە دەوری مەدینەدا کشابنە دواوە جارێکی تر ناتوانن لەبەردەم هێزی پەرەسەندووی ئیسلاما بوەستن، ئەو هێزەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ناو و ناوبانگی چاك ویستی و ڕەوشت بەرزیی بە ناو ئادەمییەکانا بڵاو ئەبویەوە و پڕ بە دڵ ئەهاتن بە دەمیەوە و ئەبونە کۆمەکی..

هەروەها هۆزەکانی ئەو ناوچانەش کە لەشکری ئیسلامیان پیا تێپەڕی، بۆیان دەرکەوت ئەو شەهیدانەی کە هوذەیلی دەست درێژی کەر شەهیدی کردن بێ کەس نین، بەڵکو پێشەوایەکی بێ وێنە و هێزێکی باڵا دەست وا لە پشتیانەوە، کەوا بە ئاسانی ئەتوانن هەڵمەت بەرنەسەر هەموو خراپ ویستێك. تا جارێکی تر بیر لە دەست درێژیی وا نەکەنەوە..

بەم هێرشەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوەی پێویست بوو بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام و موسڵمانان بێتە دی، زۆر بە چاکیی هاتە دی و سەری موسڵمانە شەهیدەکان لەو ناوچانەدا بەرز بویەوە و ڕوو ڕەشیی و چاوشۆڕی کرایە خەڵاتی لەشکری پەیمان شکێنی خوانەناس...

# بەرهەمی شەهیدیی

بەم شێوەیە مامۆستای شەهیدیی، وانەی شەهیدیی پێشکەشی بینەرانی کرد. خوبەیبی پاڵەوان، لە بەردەم بت پەرستاندا و بەسەر سێدارەوە سەلماندی کە موسڵمان بوون بریتییە لە پێشکەشکردنی سەر و ماڵ !

پاڵەوانی خۆنەویست بە خوێنە گەشەکەی شایەتیی دا کە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلامی صلی الله علیه وسلم بێ ئەندازە خۆش ئەوێن...

کافرانیش - کە خۆشویستنی وایان نەدیوە و نەبیستووە - لەم فیداکارییە سەریان سوڕمابوو. ئەم پیاوە یەسریبییە تا چ ڕادەیەك شەیدای ڕێبازەکەی موحەممەد بووە ؟ سەیرە و زۆریش سەیرە.. دیارە ڕێبازەکەی موحەممەد ڕاستە. هەر چۆن بێت ئەمە لە قوڵایی دڵیانا ئەسەلمێت، بەڵام چی ئەکەی لە دڵ و مێشکی نەفامیی کە بە بیر و باوەڕی پڕ و پووچ پڕ بۆتەوە؟! وە چی ئەکەی لە ویژدانی نەفامیی کە هەست بە هیچ ناکات؟! ئەو هەموو خەڵکە بە دیار شەهیدکرنی موسڵمانی غەریبەوە وەستا بوون بێ ئەوەی هەستیان بجزوێت...

بەڵام هەر کارێ کە موسڵمان لە بەر خوا و ڕەزامەندیی ئەو پێی هەڵسێ، هەر ئەبێ بەرهەمی هەبێ، هەر کەس مامۆستایەتیی بکا، هەر ئەبێ قوتابیی بۆ پەیدا ببێ.. بۆیە ڕەنجی خوبەیبیش - جگە لە پاداشتی خوا - بە خۆڕایی و بێ هوودە دەرنەچوو، و خوێنە گەشەکەی بە فیڕۆ نەڕۆیشت، بەڵکو خوا ویستی وابوو دڵی گەنجێکی قوڕەیشیی نەرم بکا تا شوێن ڕێبازی پاڵەوانی شەهید بکەوێت، تا ناوی خۆی لە دانیشگاکەی خوبەیبدا تۆمار بکا و خۆی بکاتە قوتابیی مامۆستای شەهیدیی، تا دوای وەرگرتنی بڕوانامە ببێتە نموونەی شوێن کەوتووی ڕاستەقینەی قوڕئان و ئاڵای ئیسلام و پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم بەرز کاتەوە..

بەڵێ، سەعیدی کوڕی عامیر چاوی لە مامۆستای شەهیدیی بوو، هەر چەندە بێ باوەڕ بوو، بەڵام ویژدانی بزوابوو، بۆیە وەك قوڕەیشی چاو بەستراو بیری نەئەکردەوە و سەیری ئەم کارەساتەی نەئەکرد..

بە جوانیی چاوی لە ستەمی قوڕەیش و دامەزراویی و کوڵنەدانی خوبەیب بوو..

دوای گەڕانەوەشی بۆ مەککە، هەموو ساتێ خوبەیبی لەیاد بوو. هەتا لە خەویشا لە گەڵیا بوو. هەموو دەمێ بیری لە هەڵوێستی مەردانەی خوبەیب ئەکردەوە، کەوا چۆن بەو پەڕی دامەزراوییەوە دوو ڕکعەتە نوێژەکەی بەجێ هێنا بۆ خوا، لە بەردەم داری چوار مێخەکەدا و لە بەردەم دوژمنەکانیا..

ئینجا خێرا خێرا دەنگی نزاکەی ئەزرنگایەوە و ئەشترسا هەورە تریشقەیەکی بەر کەوێ وە یا بەردێکی لە ئاسمانەوە بەسەرا بکەوێ..

مامۆستای شەهید بە سەعیدی قوتابیی سەلماند کە شوێن کەوتنی بیروباوەڕی ڕاستەقینە بریتییە لە قوربانیی دان بە خوێنی گەش..

وە فێری کرد کەوا ژیان کاتێ خۆشە مرۆڤ لە جیهادا بێت و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بێ وچان بدا بۆ پەرەسەندنی بیروباوەڕەکەی تا ڕژانی دوا تنۆکی خوێن..

وە فێری کرد ئیمانی ڕاستەقینەی لە دڵا دامەزراو، کاری گرنگ و گەورەی لێ ئەوەشێتەوە و خاوەنەکەی ئەکاتە پاڵەوانێك تا جۆرەها کاری سەیر و نائاسایی لێ بوەشێتەوە...

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەی فێرکرد کە ئەو پیاوەی شوێنکەوتووەکان و هاوەڵەکانی بەو پلەیە خۆشیان بوێ و ئاوا خوێنی خۆیان بڕژێنن و لە دینەکەی پەشیمان نەبنەوە، ئەبێ لەلایان زۆر ڕاستگۆ بێ و بە ڕاستیی بە پێغەمبەری بزانن و خواش کۆمەکی بێت، وا ئەم دڵسۆز و بە غیرەت و کۆڵنەدەرانەی بۆ گەیاندووە تا باوەڕی پێ بکەن..

سەعید بیری ئەکردەوە، گەنجێکی هۆشیاری وەك ئەم شوورەییە بۆی، خۆی بە بیری پڕ و پووچ بخەڵەتێنێ و بە ناڕەوا خۆی دەست خەڕۆ بکا...

ویژدانی کەوتە ئازاردانی، تاکەی لە گەڵ هێزی خراپکارییدا بێ و بەشداریی تاوانەکانی بکا؟ خۆ ئەم بە هیچ شێوەیەك دڵی نییە لەگەڵ بت پەرستییدا، جا بۆچ وەك مەردێك ڕای خۆی دەرنەبڕێ؟ بۆ نیازچاکیی خۆی دەرنەبڕێ تا ڕەچەشکێن بێ بۆ ئەوانەی لە دڵدا ناڕەزای کردەوەکانی نەفامیین، بەڵام ناتوانن و ناوێرن بە ئاشکرا دەری ببڕن؟!!

بۆ ئەم مەبەستە بەرزە لە ناو کۆمەڵێکدا بە ئاشکرا خۆی داماڵیی لە بەشداریی کردنی تاوان و ستەمکارییەکانی قورەیش و پشتی لە بتەکانیان هەڵکرد و کەوتە شوێن دینی حوا...

بەڵێ، لە (( درا الحرب)) دا. لە خاکێکدا کە یاسای نەفامیی تا ڕادەی بکوژ و ببڕ دەستی ئەڕۆیی، سەعید بە ئاشکرا بڕیاری موسڵمان بوونی خۆی دا..

نازانم ئەوانەی ژیانی دنیا بەرچاوی گرتوون و ناوێرن خەمێکی ئیسلام بخۆن، چۆن لە ڕوویان دێت خۆیان بە موسڵمان بژمێرن؟! یا بۆ نایەن ئامۆژگارییەکی سەعید بکەن تا خۆی نەخاتە مەترسییەوە؟!

سەعید دوای موسڵمان بوونی وای بە چاك زانی مەککەی ژێر دەستی نەفامان بەجێ بێڵێ و بە پێی فەرمانی قورئان کۆچ بکا بۆ مەدینە.. بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تا لە بنیات نانی قەڵای ئیسلامدا بەشداریی بکات. تا مرۆڤایەتی - بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە - لە سایەیا بحەسێتەوە..

سەعید گەیشتە مەدینە و فریای جەنگە خەیبەر کەوت و پاڵەوانانە بەشداریی ئەویش و هەموو ڕووداوەکانی لەوە و دوایشی کرد..

کۆمەڵی موسڵمان لە سایەی قورئاندا ژیانێکی زۆر خۆش و بەتامی ئەدایە سەر، بێ وچان خەریکی ڕماندنی قەڵای نەفامی بوو. وە ساتێك ژیانی بە فیرۆ نەئەدا بۆ خزمەت کردنی بەرنامە شیرینەکەی قورئانی پیرۆز..

موسڵمانەکان لەم ژیانە خۆش و پڕ لە کامەرانییەدا، بە جارێ هەموویان کۆستیان کەوت، تاقە ئازیز و ڕۆشنایی چاوەکانیان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کۆچی دوایی کرد، کە زۆر لە سەعید ڕازیی بوو..

به کۆچکردنی خۆشەویستی موسڵمانەکان، کاری سەر شانی سەعید تەواو نەبوو، بەڵکو دوای پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم سەربازێکی بە وەفا و کۆڵنەدەر بوو لە بەر دەستی ئەبوبەکر و عومەردا، لە سایەی کۆمەڵی موسڵماندا خەریکی پەروەردە کردنی دڵ و دەروونی بوو، بە ئامۆژگارییەکانی قورئانی پیرۆز، خەریك بوو خۆی ڕائەهێنا لە سەر خۆنەویستن و پشت گوێ خستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تا ببێتە ئەستێرەیەکی گەشی ئەو کۆمەڵی موسڵمان و بتوانێ بەو ئەرکە هەڵسێ کە ئەخرێتە ئەستۆی...

# ئـامۆژگاریی کردنی خـەلیـفە

سەعید لە سایەی قورئانی پیرۆزدا ژیانی بەخۆ پەروەردەکردن و خواپەرستیی ڕازاندبۆوە. نمونەی موسڵمانی چاوکراوە بوو، تا ئاگاداریی تەواوی دینەکەی بکات. زۆر بە تەنگ ئیسلام و موسڵمانەکانەوە بوو. دڵە هۆشیارەکەی و بیرە تیژەکەی خستبووە کار بۆ چاودێریی و پارێزگاریی کردنی قەڵای ئیسلام و بەرژەوەندیی موسڵمانەکان..

سەعید بیری ئەکردەوە کاربەدەستانی موسڵمانەکان دەورێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی بەرژەوەندیی موسڵمانەکانا. بۆیە موسڵمان ئاسایی ئامۆژگاریی ئەبوبەکر و عومەری ئەکرد، تا بە ڕێك و پێکیی دەست بە ئیسلامەوە بگرن و بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان درێغیی نەکەن. ئەوانیش سەعیدیان چاك ئەناسی و لە خواناسیی و ڕاستگۆییەکەی شارەزا بوون، بۆیە بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە ئامۆژگارییەکانیان وەرئەگرت..

جارێکیان هاتە لای خەلیفە عومەر کە تازە بۆ خەلیفەی موسڵمانەکان هەڵبژێردرا بوو پێی وت:

ئەی عومەر، ئامۆژگارییت ئەکەم بەوەی کەوا لە پێناوی خەڵکا لە خوا بترسی، بەڵام لە پێناوی خوادا لە خەڵك نەترسی، وە وتەت پێچەوانەی کردارت نەبێت، چونکە چاکترین وتە ئەوەیە کردەوەی لە پاڵدا بێت. ئەی عومەر..

بە هەموو موسڵمانان - دوور و نزیکیان - کە خوا کاروباریانی پێ سپاردویت، ڕووی خۆش پیشان بدە و ئیش و کاریان جێ بەجێ بکە. ئەوەی بۆ خۆت و خزم و کەس و کارت پێت خۆشە با بۆ ئەوانیش پێت خۆش بێت، ئەوەش بۆ خۆت و خزم و کەس و کارت پێت ناخۆشە، با بۆ ئەوانیش پێت ناخۆش بێت. وە بۆ گەیشتن بەوە هەموو سەختییەك بدەرە بەر خۆت، و لەپێناوی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسی.

عومەر فەرمووی:

جا کێ ئەتوانێ بەمە هەڵسێ ئەی سەعید؟!

سەعید وەڵامی دایەوە:

پیاوێ وەك تۆ ئەتوانێ، کە خوا کاروباری ئوممەتی موحەممەدی پێ سپاردووە و جگە لە خوا باڵا دەستی نییە[1]...

بەڵێ، کۆمەڵی موسڵمان هەموو ئەندامێکی بە وێنەی سەعید چاوکراوە بوو، هەموو موسڵمانێ لە ئاستی خۆیدا خەمخۆری دینەکەی بوو. ((دەست بگرە بە کڵاوی خۆتا)) بەلای ئەوانەوە دەرچوون لە کۆمەڵی موسڵمانان و گەڕانەوە بۆ سایەی نەفامیی بوو. چونکە ئیسلام هەروەك مافی ئادەمیانەی پێشکەش کرد بوون، هەروەها ئەرکی سەرشانیشی بۆ دیاریی کردبوون، بە تایبەتیی بانگ

(١) واتە: جگە لەخوا کەس دەستی ناڕوا بەسەرتا..

کردن بۆ سەر ڕێگای ڕاست و فەرماندان بەچاکە و دوورە پەرێزیی کردن لە خراپە، تا قەڵای ئیسلام - کە پەنای ماف خوراوان و چەوساوانە - پارێزگاریی بکرێ و کۆمەڵی موسڵمان بتوانێ بە ئەرکی سەرشانی هەڵسێ کە بریتییە لە ئاوەدان کردنەوەی زەویی بە پێی ڕێبازی ئیسلام...

ئەمەیە جیاوازیی کۆمەڵەکەی ئەمڕۆمان لە کۆمەڵە موسڵمانەکەی ئەو سەردەمە..

ئێمە تەنها ئیشەکەی خۆمان ڕاپەڕێنرێت، ئیتر باکمان نیە دەیان ستەم لەبەر چاومانا بکرێت لە هەژار و بێکەسان!

تەنها خۆمان ڕووی خۆشمان پیشان بدرێ -بە هەر شێوەیەك بووە- ئیتر هەژار و داماوان قەی ناکا لەبەر دەرگادا ئەژنۆیان وشك ببێت!

ئەوەی لە دەممان دەرئەچێ لە شێوەی وشەی بریسکەدار و ڕازاوە، لە ژیانمانا هیچ دەورێکی نیە، چونکە ئەمانەوێ ژیانی ئەم جیهانەمان دەست کەوێ.

بەڵام کۆمەڵە موسڵمانەکەی قورئان، کە سەعید تیایا ئەندامێکی ئاسایی بوو، ژیان تەرخان کرد بوو بۆ حەسانەوەی ئادەمیەکان و وە دەست هێنانی ژیانی نەبڕاوەی بەهەشت.

ئیتر ئەم ژیانەی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو، تا زمانی لووسی بۆ بەکار بێنێ و بیر و هۆشی بۆ تەرخان کا..

پاشان هیچ ئەندامێکی کۆمەڵی موسڵمان هەوڵی نەداوە خۆی لەکاربەدەستان نزیك بکاتەوە تا بەرژەوەندیی خۆی بپارێزێ، بەڵکو ئەگەر ماوەی نزیك بوونەوەی ببوایە، هەوڵی ئەدا کارێ بکا کە

خوای گەورە لە خۆی ڕازیی بکا، بەوەی بە هەلی بزانێ بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی.

لە لایەکی ترەوە ئەم ئامۆژگارییەی سەعید دەری ئەخا کە تەنها ئیسلام ڕێبازی ڕزگارییە، چونکە ڕزگار کردن – لە ڕاستییدا – بریتییە لە ڕزگارکردنی مێشك لە هەموو کۆت و زنجیرێك، نەك بەرەڵڵایی و بێ ئابڕوویی.

ئەمەش پیشانمان ئەدا هەموو موسڵمانێك بۆی هەیە ڕەخنە لە ئەمیری ئیمانداران بگرێت، وە یا هەر نەخشەیەکی بەلاوە چاك بوو پێشکەشی بکا. چونکە دەسەڵات لە ئیسلاما بە دەست خواوەیە و پێویستە هیچ کەس لە نەخشەی دینە پیرۆزەکەی خوا لا نەدات. وە هەر کاتێ لای دا، وە یا کەمتەرخەمیی کرد، موسڵمانان بۆیان هەیە ڕەخنە بگرن و ملکەچی فەرمان نەبن.

دیارە نە عومەر و نەسەعید لە ژیانی نەفامییدا و لەژێر سایەی بتەکانی کەعبەدا بەم شێوەیە نەژیاون و ئەم سەربەستیی و دادپەروەرییەیان بە خۆیانەوە نەدیوە.

بەڵام ئیسلامی ئازیز، ڕێبازی ڕزگاریی بوو کە برایەتیی ڕاستەقینە و خۆشەویستیی بێوێنەی پێشکەش بەوانیش و بە هەموو گەلە جۆر بەجۆرەکانی جیهانی ئاوەدان کراوەی ئەو ڕۆژە کرد..

ئەمڕۆش سەرزەویی وێرانەیە. تاریکە شەوە. ئادەمیزادەکان سەرگەردانن. ماف خوراون. نە عومەریان دەست ئەکەوێ و نە سەعیدیشیان لێ هەڵکەوتووە، ئەرکی سەرشانی هەڵگرانی قورئانیش بە پێی ئەو پێویستییە گران و گرنگە. پێویستە بە قورئان دڵ و مێشکی گەلان ڕزگار کەن و چاو ساغییان بکەن تا ئەگەر نەشتوانن

عومەر و سەعید دروست کەن، با قوتابیی، و شاگردی ئەوان دروست کەن، بۆ ڕزگار کردن و حەسانەوەی ئادەمیزادەکان. بەڵام تکایە با هەڵگرانی قورئان پەلە نەکەن و بەشدارییمان بکەن بزانین سەرەنجامی چیرۆکی عومەر و سەعید بە کوێ ئەگا، تا لە کاتی هەڵسانیان بەم ئەرکە پیرۆزە هەردووکیان بکەنە مامۆستا و شوێن هەنگاوە پیرۆزەکەیان بکەون..

# ئەمیری موسڵمان

لە سەردەمی عومەردا دەوڵەتی قورئان لەو پەڕی دەسەڵاتدا بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ساڵ بە ساڵ گەلە چەوساوەکان لە ژێر چنگی خوێنمژە خوانەناسەکان دەرئەهێنران و لە سایەی قورئاندا ئەحەسانەوە..

دەوڵەتی ئیسلام پێویستی بە هەڵسوڕاندنی کاروبار هەبوو. بێگومان ئەوەش پیاوی ڕاستگۆ و خۆنەویست و دونیا نەویستی ئەوێت، عومەریش خوا لێی ڕازی بێت هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کێ هەڵبژێرێ بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوچە جۆر بە جۆرەکانی دەوڵەتی قورئان. ئەترسا بە نەزانیی یەکێ هەڵبژێرێ پیاوی ئەو کارە نەبێت و لە دواڕۆژا خۆی سزا بدرێ لە سەری.

عومەر سەیری کرد دانیشتوانی (حیمص) لە شام پێویستیان بە کاربەدەستێکی زۆر دامەزراو و دڵ و دەروون پاك هەیە، بۆیە ڕای هاتە سەر ئەوەی کە سەعیدی کوڕی عامیر بکاتە کاربەدەست و بینێرێت بۆ شام، بۆ ئەمە بانگی کردە سەعید و ئەم وت و وێژە لە نێوانیاندا ڕووی دا:

+ ئەی سەعید، هەڵسوڕاندنی کاروباری حیمص ئەسپێرین بە تۆ..
- ئەی عومەر، بۆ خاتری خوا داوات لێ ئەکەم وازم لێ بێنە، گومڕام مەکە..

+ (بە تووڕەییەوە): وای لە دەست ئێوە. کارەکەتان خستۆتە گەردنی من و ئەتانەوێ خۆتان لێم بشارنەوە و یارمەتییم نەدەن!! بە خوا وازت لێ ناهێنم..
بەم شێوەیە کاروباری حیمصی پێ سپارد.

+ ئەی ئەوە ڕۆژییەکت بۆ نەبڕینەوە؟
- جا چی بکەم ئەی ئەمیری ئیمانداران؟! ئەوەی لە(بیت المال) وەری ئەگرم لە پێویستیم زیاترە.

لە ئیسلامدا، بەم شێوەیە، گەورەی دڵسۆز، سەربازی پاك و خاوێن هەڵئەبژێرێ و کاروباری پێ ئەسپێرێ، بەڵام کاربەدەستیش ئەزانێ ئەرکی کارگێڕان چەند گرانە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ ئەدا خۆی لێ داماڵێ. بە پێچەوانەی نەفامان کە هەموو هۆ و ڕێگایەکی ناڕەوا ئەگرنە بەر و ئابڕووی خۆیان ئەبەن، تا دەستیان گیر بێ و خۆیان بکەنە گورگە هارە بۆ گیانی هەژار و داماوان..

بەڵێ، کاربەدەستی موسڵمان هەموو ئاواتێکی ڕەزامەندیی خوایە و ئەوەندە بە تەنگ ئەم جیهانە نابێت، بۆیە هەموو وزەیەکی ئەخاتە کار بۆ حەسانەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکەی، چونکە ئەزانێ لێ پرسینەوەی کاربەدەستان، لە ڕۆژی قیامەتا تایبەتییە و زۆر بە وردیی ئەکرێت...

سەعیدی خۆنەویست. سەعیدی دڵسۆز بە گرۆی ئادەمیی. بە کورتیی سەعیدی موسڵمان، بەرەو ناوچەی حیمص کەوتە ڕێ.

گەیشتە بەرەوە و بەو شێوەیەی کە قورئان نەخشەی کێشاوە دەستی دایە هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوچەکە..

بەڵێ، خوا ویستی وابوو قوتابییەکەی خوبەیبی شەهید ببێتە کاربەدەستی ناوچەیەکی ئەم زەوییە.

تا ئێستا قوتابییەکی ڕاستگۆ و بە وەفا بووە، بەڵام نەء هێشتا بە تەواوەتیی تاقی نەکراوەتەوە. چونکە تاقی کردنەوە وا لە دەسەڵات و پایەدا...

ئاخۆ سەعید لەم تاقیکردنەوەیە دەرئەچێ و خوێنی مامۆستای شەهیدی بە فیڕۆ نادا؟!

ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو لە دانیشتوانی حیمص چەند پیاوێکی متمانە پێکراو هاتنە مەدینە بۆ سەردان لە خەلیفەی موسڵمانەکان..

عومەر پێی وتن:

ناوی هەژارەکانتانم بۆ بنووسن هەتا پێویستیان جێ بەجێ بکەم..

ئەوانیش لیستێکی هەژارەکانیان گرت کە یەکێ لەوانە سەعیدی کوڕی عامیر بوو!!

عومەر پرسیی:

سەعیدی کوڕی عامیر کامەیە؟

وتیان: ئەمیری ناوچەکەمانە!!!

پرسی: ئەمیرەکەتان هەژارە؟!

وتیان: بەڵێ، بەخوا چەند شەو و ڕۆژێکی بەسەرا ئەڕوا، لەماڵی ئەوا ئاگر ناکرێتەوە!!

به بیستنی ئه‌مه دڵی عومه‌ر هاته جۆش و ئه‌وه‌نده گریا هه‌تا فرمێسك ڕیشی پیرۆزی ته‌ڕكرد.

پاشان (١٠٠٠) هه‌زار دیناری هێنا و خستیه ناو تووره‌گه‌یه‌كه‌وه و پێی فه‌رموون:

سه‌لامی منی پێ بگه‌یه‌نن و پێی بڵێن:

ئه‌میری ئیمانداران ئه‌م پاره‌یه‌ی بۆ ناردووی تا پێویستییه‌كانتی پێ جێ به جێ بكه‌یت..

پیاوه‌كان له مه‌دینه گه‌ڕانه‌وه بۆ وڵاتی خۆیان و سه‌لام و دیارییه‌كه‌ی خه‌لیفه عومه‌ریان به سه‌عید گه‌یاند. كاتێ تووره‌گه‌ی پاره‌كه‌یان له به‌رده‌میا دانا سه‌یری كرد زانیی پاره‌یه، وای ئه‌زانیی ڕه‌شماری لێ نزیك بۆته‌وه، بۆیه به ناچاری له خۆیی دورئه‌خسته‌وه و ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌ی ئه‌خوێند:

﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ البقرة / ١٥٦.

هه‌روه‌كو به‌ڵایه‌كی به‌سه‌را هاتبێ، وه یا خراپه‌یه‌ك ڕیشی گرتبێ. خێزانه‌كه‌ی كه گوێی لێ بوو ڕاچڵه‌كیی و به په‌شۆكاوییه‌وه وتی:

- ئه‌وه چیته سه‌عید؟!

ئایا ئه‌میری ئیمانداران مردووه؟!

+ به‌ڵكو له‌وه گه‌وره‌تر.

- ئایا موسڵمانه‌كان له جه‌نگا شكاون؟!

+ به‌ڵكو له‌وه‌ش گه‌وره‌تر..

- جا چی له‌وانه گه‌وره‌تر؟!

+ ژیان و ڕابواردنی دنیا ڕیشی گرتووم و ئه‌یه‌وێ قیامه‌تم له ...

دەرکا، وە ئاژاوە ڕووی کردۆتە ماڵەکەم.
خێزانەکەی بێ ئەوەی بە دەنگ و باسی پارەکەی زانیبێ وتی:

- خۆتی لێ ڕزگار کە.
+ جا یارمەتیم ئەدەی لە سەری؟
- بەڵێ...

سەعید خۆشی کەوتە دڵیەوە و توورەگە پارەکەی هێنا و کردیە توورەگەی بچووک بچووکەوە و دابەشی کرد بە سەر موسڵمانە هەژارەکانا، بێ ئەوەی تاقە دینارێکی بۆ خۆی لێ گل بداتەوە!

# چـــوار ڕەخـنـە

هەر لەو ماوەیەدا كە سەعید كاربەدەستی ناوچەی حیمص بوو، عومەری خەلیفە خوا لێی ڕازیی بێت وای بە چاك زانیی خۆی گەشتێكی ناوچەی شام بكات تا لە هەواڵ و باری ژیانی دانیشتوانی ئاگادار بێ، نەوەك كاربەدەستەكانی بە چاكیی ئیش و كاریان هەڵنەسوڕێنن، تا ڕاستەوخۆ موسڵمانەكان لەگەڵی وت و وێژ بكەن و گرێ كوێرەكانی دڵیان لای ئەو بكەنەوە، و ئەمیش یارمەتییان بدا بۆ چارەسەركردنی گیر و گرفتەكانیان..

كاتێ عومەر گەیشتە حیمص[1]، دانیشتوان هاتن بە پیریەوە بۆ بە خێر هاتن لێ كردنی ئەویش لێی پرسین:

ئەمیرەكەتانە چۆنە لەگەڵتانا؟

دانیشتوان دەستیان دایە شكات و ناڕەزایی لە سەعید..

چوار ڕەخنەیان لێ گرت كە یەك لە یەك گەورەتر بوون..

---

(١) حیمص پێیان ئەوت كوەیفە، واتە كووفە بچكۆلە، لەبەر شكات و بیانووی دانیشتوانی لە والیی و كار بەدەستەكانیان، بە وێنەی دانیشتوانی شاری كووفە كە لە هیچ مەنێكدا پڕ نەئەبوون و لە كەس ڕازیی نەئەبوون.

هەر لە ڕێوە. هێشتا خەلیفە نەحەسابوویەوە، تا تەواوییەکانی سەعیدیان خستە بەردەمی..

عومەر زۆر سەری سوڕ ئەما. ئەو بە بیر تیژیی و فەراسەتی خۆی سەعیدی هەڵ بژارد، یانێ چی ئەمیش وا دەرچێ؟!

سەعید ئامۆژگاریی عومەری ئەکرد تا لە ڕێی ڕاست لای نەدا!

عومەر ئەفەرموێ:

دانیشتوان و سەعیدم کۆکردنەوە، و لە خوا پاڕامەوە بەو شێوەیە نەبێت کە ئەوان باسی ئەکەن و بە چاك زانینم بە هەڵە دەرنەچێ. چونکە زۆر متمانەم پێ ئەکرد..

کاتێ دانیشتوان بە خۆیان و ئەمیریان لە لام کۆبوونەوە، وتم:

دادی چی ئەکەن بە دەست ئەم ئەمیرەتانەوە؟

وتیان:

بەیانیان تا خۆر بەرز نەبێتەوە و بەشێك لە ڕۆژ نەڕوا نایەتە دەرەوە بۆ ناومان..

وتم: وەڵامت چییە بۆ ئەمە ئەی سەعید؟

سەعید تۆزێ بێ دەنگ بوو، پاشان وتی:

بە خوا پێم خۆش نییە بیلێم، بەڵام کە چار نییە و هەر ئەبێ بیلێم، لەبەر ئەوەیە خێزانەکەم لە ماڵەوە خزمەتکاریان نییە، بۆیە خۆم بەیانییان هەویرەکەیان بۆ ئەشێلم و کەمێك ئەوەستم هەتا ئەترشێت و ئەیکەم بە نان بۆیان، ئەوسا دەست نوێژ ئەگرم و دێمە دەرەوە بۆ ناو خەڵکەکە..

عومەر ئەفەرموێ: پێم وتن: دادی چی تری لێ ئەکەن؟

وتیان: بە شەوا وەڵامی کەس ناداتەوە.

وتم: ئەی وەڵامت بۆ ئەمە چییە سەعید؟

وتی: پێم ناخۆشە ئەمەش ئاشکرا بکەم. من ڕۆژم تەرخان کردووە بۆ ئەوان و شەویش بۆ خوای گەورە و بە دەسەڵات.

وتم: دادی چی تری لێ ئەکەن؟

وتیان: لە هەموو مانگێك ڕۆژێك نایەتە ناومان.

وتم: ئەی ئەمە چییە سەعیید؟

وتی: خزمەتکارم نییە، ئەی ئەمیری ئیمانداران، وە جگە لەم دەستە جلەی بەریشم هی ترم نییە، جا مانگی جارێك ئەیشۆم و چاوەڕێی وشك بوونەوەی ئەکەم و ئێوارە دێمە دەرەوە بۆ ناویان..

پاشان وتم:

دادی چی تری لێ ئەکەن؟

وتیان: جار و بار لە ناوماندا ئەبورێتەوە و ئاگای لە خۆی نامێنێ..

منیش وتم: ئەی ئەمە چییە سەعید؟

وتی: پێش موسڵمان بوونم، ئامادەی شەهید کردنی خوبەیبی کوڕی عەدیی بووم، وە بە چاوی خۆم دیم چۆن قورەیش پلە پلە گۆشتی لە لاشەی ئەبڕیی و پێی ئەوت:

ئایا پێت خۆشە موحەممەد لەم شوێنەدا بێت؟

ئەویش ئەی وت:

نا، بە خوا پێم خۆش نییە من بە خۆشیی و هێمنییەوە لە ناو خاو و خێزانی خۆما بم و موحەممەدیش دڕکێکی پیا بچەقێت..

به خوا هەرچەند ئەو ڕۆژەم ئەکەوێتەوە یاد کە چۆن کۆمەکیی ئەوم نەکرد، وا ئەزانم هەرگیز خوا لێم خۆش نابێت، بۆیە وا بەم شێوەیە ئەبورێمەوە..

دوای ئەم وەڵامانە عومەر فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە گومان چاکیمی پێی بە هەڵە دەرنەکرد.

پاشان هەزاری تری بۆ نارد تا پێویستییەکانی پێ جێ بەجێ بکا..

کاتێ خێزانەکەی چاوی کەوت بە پارەکە وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی وای کرد ئێمە پێویستییمان بە ئیش و کاری تۆ نەمێنێ، زەخیرەمان بۆ بکڕە و خزمەتکاریش بە کرێ بگرە با کەم تۆ خۆت زەحمەت بکێشی!

ئارامیی خێزانی موسڵمان ئەو ئارامەیە کە قورئان پیشانی داوە و فەرمانی پێ داوە. خێزانی موسڵمان کۆمەکیی مێردەکەیەتی لە بە جێ هێنانی فەرمانەکانی قورئانی پیرۆزدا..

خێزانەکەی سەعیدیش لەو ئافرەتە دامەزراوانەیە کە کۆمەکیی سەعیدی مێردی بوو لەو وڵاتە دوورەدا، دوور لە خزم و کەس و کار، بەو شێوەیە بتوانێ ددان بگرێ بە خۆیا و لە ماڵی ئەوانا چەند ڕۆژێك ئاگر نەکرێتەوە..

بەڵام لە وتەکەیا وا دەرئەکەوێ زۆر شەرمەساری خزمەت و ماندووبوونی سەعیدی مێردیەتی وا داوای لێ ئەکا خزمەتکارێك بە کرێ بگرێ تا پێویستییان بە خزمەتی ئەو نەبێت..

سەعید پێی وت:

\+ ئەی لەوە چاکاترت ناوێ؟
\- وەکو چیی؟

\+ بیدەین بە یەکێك، تا هەر کاتێ بۆی داماین بمانداتەوە.
\- چۆن؟

\+ بیدەین بە قەرز بە خوا..
\- باشە خوا پاداشتی چاکەت بداتەوە!

سەعید لە شوێنی خۆی هەڵنەسا تا ئەو هەزار دینارەشی کردە چەند توورەگەیەکەوە و بە یەکێ لە کەس و کارەکەی وت:

ئەمە بەرە بۆ فلانە بێوەژن...

ئەمەش بۆ هەتیوانی فلان..

ئەمەش بۆ هەژارانی فلان..

ئەمەش بۆ لێقەوماوان و دەست کورتانی فلانە خێزان..

بەم شێوەیە هەمووی بەخشییەوە[1]..

ئەمیریی هەر شایستەی خۆتە ئەی سەعید..

---

(١) ئیمام ئەحمەد ئەیگێڕێتەوە و ئەفەرموێ: (دوای بەخشینەوەی هەزار دینارەکە) خێزانەکەی سەعید پێی وت: خوا ڕەحمت لە گەڵا بکا باشتر وابوو شتێکت لێ هەڵگرتایە تا پێویستیی خۆمانی پێ جێ بەجێ بکەین، سەعید ئەڵێ: بە گوێوە بووم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەیفەرموو: ئەگەر ئافرەتێك لە ئافرەتانی بەهەشت سەیرێکی دانیشتووانی سەرزەویی بکا (بەو سەیر کردنەی) سەرزەویی پڕ ئەکا لە بۆنی میسك، دەبەخوا من هەرگیز دەست لەوان هەڵناگرم بۆ تۆ!!

ئەویش بێ دەنگ ئەبێت!

به ڕاستیی ئەمیری ئیماندارانیش بە هەڵەدا نەچووە کە تۆی هەڵبژاردووە و کاروباری موسڵمانانی پێ سپاردووی..

بە ڕاستیی سەعید نموونەیەکی بەرزی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری میللەتدا، بە پاکیی و دوور لە خۆویستن و خۆپەرستنەوە، جا ئەمە یەکەم خوا زۆر چاك پێی ئەزانێ..

دووەم ئەوانەش بە ژیرانە سەرنجی مێژوو ئەگرن، تۆ و هاوچەشنانت ئەکەنە مامۆستای خۆیان بۆ پەروەردەکردنی دڵ و دەروونیان، تا ئەوانیش شوێن پێکانتان هەڵگرن و ئەگەر خوا دەستی دا گەلان لە چەوەساندنەوە ڕزگار کەن و لە سایەی قورئانا بیانحەسێننەوە..

لە هەمووی خۆشتر - سەعیدی خۆشەویستم - ئەوەیە نەت هێشت خوێنە گەشەکەی خوبەیب بێ بەرهەم بێت، وەکو ئەو پاداشتی لای خوا وەرئەگرێتەوە، بەڵام خۆشە و زۆریش خۆشە، هەر لەم ژیانەدا مامۆستایەتییەکەی قوتابیی وەك تۆی دڵسۆز و بە وەفا پەروەردە بکات.

سەعیدی خۆشەویستم.. بەجارێ پشتت لە ژیانی ئەم جیهانە هەڵ کردووە. خۆنەویستن و وەفادارییت بۆ بیر و باوەڕەکەت مایەی سەربەرزییە بۆ هەمو موسڵمانێك. تۆی بەڕێز و خۆشەویستم، برسێتیی و بێ بەرگییت هەڵبژاردووە بۆ خۆت لە کاتێکا براکانت لەو پەڕی خۆشی و بەختیارییدا ئەژیان، هەر بۆ ئەوەی لە هەژارترینیان کەمتر بژیت. بەڵام کاربەدەستە خوانەناسەکان هەموو هۆ و ڕێگایەکی گڵاو ئەگرنە بەر بۆ فریودانی داماوانی ژێر دەستەیان، تا باشتریین و خۆشتریین ژیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.. ئەوانە داماون.. نەفامن.. شەیتان بە گومڕا کردنیان دەستیانی بڕیوە. وا ئەزانن کامەرانیی وەدەست دێنن..

نازانن ئەو نەخۆشییەی کە تووشی ئەوان ئەبێت تووشی هیچ هەژارێك نابێت، کە ئەویش نەخۆشی چاوچنۆکیی و چاوبرسێتیی و تێر نەخواردنە...

خۆشەویستم.. ئەو خۆشیی و کامەرانییەی دەست تۆ ئەکەوێت، کەی دەستی نەفامان ئەکەوێت؟!

ئەو سەربەرزیی و ڕوو سوورییەی دەستی تۆ ئەکەوێت نەفامان هەر خەویشی پێوە نابینن!

تۆی خۆشەویست هەر با برسیی و بێ بەرگ بیت، لەزەت و ڕابواردنی ڕاستەقینە هەر تۆ بردووتە، چونکە کۆمەڵی موسڵمانان هەموو کات و شوێنێ هەتا جیهان و ژیان ماون، وان بە شوێنتەوە و پیرۆزبایی هەنگاوی مەردانەت لێ ئەکەن. ئیتر با پاداشتی بەهەشت بوەستێ..

بەڵام کافران هەرچەند بیری تەسکیان بخەنە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و بە دەست هێنانی ڕابواردن، وەك ئەوە وایە لە ناو دەریادا جووت بکەن..

چونکە گەلێکی چەوساوە و ماف خوراو لە قوڵایی دڵیا ئاواتی تیاچوونیان بۆ ئەخوازێ و بە تیاچوونی هەر دەستەیەکیان گەلی ژێر چەپۆك دەست دێنێ بە سەر دڵیا و هەر دەستەیەکیش دێت بە شوێنیا نەفرین و لەعنەتی بۆ ئەنێرێ.. ئیتر با سەرشۆڕیی و ڕووڕەشیی قیامەتیان بوەستێ..

خوبەیبی خۆشەویستم. ئەی مامۆستای قوتابخانەی شەهیدیی..

سەعیدی خۆشەویستم. ئەی قوتابیی قوتابخانەی شەهیدیی..

خۆزگەم پێتان بۆ ئەو پایە و پلە بەرزەی کە خوای گەورە بە ئێوەی بەخشی..

بەڵام ئەڵێی چیی لەم چەرخەی ئێمەدا ئیسلام غەریب بۆتەوە و ڕۆڵەکانی موسڵمانەکان دووکەڵی حەشیشەی خوانەناسان گێژی کردوون و بریقەی ساختەی بیر و باوەڕی ئیفلیج و گەنیو و پاش خوانی کافران چاوی کوێر کردوون و ناتوانن چاك لە خراپ جیاکەنەوە؟

زۆر جێگای داخە لە چەرخی زانیاییدا موسڵمانەکان مێشکیان بەنج کرابێ و نەشارەزای بەرنامەی سەرفرازیی بن.

بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو تەم و دووکەڵە، هیوامان بە دواڕۆژی ئەم ڕێبازە شیرینەمان کەم نابێتەوە..

هەرچەندە شەوەزەنگ درێژە بکێشێ، هەر ئەبێ ڕۆژ بێتەوە و خۆری ڕزگاری ئیسلامی بێگەرد سەر زەویی ڕۆشن بکاتەوە.

ئەو کاتە موسڵمانەکان بە سەرکەوتنی ئیسلام دڵخۆش ئەبن و دەستی مرۆڤایەتیی سەرلێشێواو ئەگرن تا لە زۆنگاوی نەگبەتیی و تیاچوون ڕزگاری کەن و گۆماوی خوێنە بە ناڕەوا ڕژاوەکانی وشك بێتەوە..

ئازیزە نەبێزراوەکانم. ئێوە لە بەهەشتی بەریندا بۆ خۆتان خەریکی ڕابواردن بن و ئێمەش هێشتا تاقیکرنەوەکەمان تەواو نەبووە، داواکارین لە خوا کۆمەکییمان بکا تا پشتی شەیتان بدەین بە زەوییدا تا لە بەهەشتا بە خزمەتی پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم و ئێوەی بەڕێز شاد بینەوە. ئیتر بە خواتان ئەسپێرم..

خوا لە خوبەیبی مامۆستای شەهیدیی و لە سەعیدی قوتابیی قوڕئان و هەموو پەیڕەوی کەرانی قوڕئان ڕازیی بێت..

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

# سەرچاوەکان


| ناوی پەڕاو | دانەر |
|---|---|
| الإستيعاب لمعرفة الأصحاب | ابن عبد البر |
| الإصابة في تمييز الصحابة | ابن حجر العسقلاني |
| حلية الأولياء | الاصبهاني |
| حياة الصحابة | محمد يوسف الكاندهلوي |
| دراسة في السيرة | عماد الدين خليل |
| الرسول في قلوب أصحابه | وليد الاعظمي |
| الرسول القائد | محمود شيت خطاب |
| الزهد | الامام أحمد بن حنبل |

| | |
|---|---|
| السيرة الحلبية | ابن برهان الدين الحلبي |
| السيرة النبوية والآثار المحمدية | دحلان |
| شهداء الإسلام عهد النبوة | علي سامي النشار |
| صفة الصفوة | ابن الجوزي |
| صلح الحديبية | محمد أحمد باشميل |
| صور من حياة الصحابة | عبد الرحمن رأفت ثاشا |
| فقه السيرة | محمد سعيد رمضان البوطي |
| فقه السيرة | محمد الغزالي |
| القصص الإسلامية | أحمد بن حافظ الحكمي |
| معركة الأحزاب | محمد أحمد باشميل |

# نـــــاوەڕۆك


پێشـكەش.................................................................٦
پێشـــەكیی...............................................................٧
تـۆڵەســـەندن.............................................................٩
نـاپاكیی بێ بـاوەڕان و وەفــای شـەهیدان.........................١٢
سـەركەوتنـی بـاوەڕ.....................................................٣١
بەرهـەمی شـەهـیدیی...................................................٣٨
ئــامۆژگاریی كردنی خـەلیـفە..........................................٤٣
ئـەمــیری مـوسـڵمان...................................................٤٨
چـــوار ڕەخـــنـە........................................................٥٣
سەرچاوەكان.............................................................٦٢

# خوبەیب و سەعید

ئازیزەکانم! ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان.. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکرێ گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتەدی..


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN

2000 دینار